بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ أَوْفُواْ بِالْعُقُودِ أُحِلَّتْ لَكُم بَهِيمَةُ الأَنْعَامِ إِلاَّ مَا يُتْلَى عَلَيْكُمْ غَيْرَ مُحِلِّي الصَّيْدِ وَأَنتُمْ حُرُمٌ إِنَّ اللّهَ يَحْكُمُ مَا يُرِيدُ (1)

ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، بەئەمەك و بەوەفا بن بەرانبەر بەڵێن و پەیمانەكانتان، (خواردنی گۆشتی) ماڵات (وەكو مەڕو بزن و گاو وشتر...هتد) بۆتان حەڵاڵ كراوە بێجگە لەوانەی كە بۆتان ڕووندەكرێتەوە (لەم سورەتەدا)، نەكەن لە كاتی خۆ ئامادەكردندا بۆ حەج یان عەمرە، ڕاوكردن بە حەڵاڵ بزانن (ئەم سنورانە فەرمانی خوایە) وە خوا فەرمان دەدات بەهەرشتێك كە بیەوێت.

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ لاَ تُحِلُّواْ شَعَآئِرَ اللّهِ وَلاَ الشَّهْرَ الْحَرَامَ وَلاَ الْهَدْيَ وَلاَ الْقَلآئِدَ وَلا آمِّينَ الْبَيْتَ الْحَرَامَ يَبْتَغُونَ فَضْلًا مِّن رَّبِّهِمْ وَرِضْوَانًا وَإِذَا حَلَلْتُمْ فَاصْطَادُواْ وَلاَ يَجْرِمَنَّكُمْ شَنَآنُ قَوْمٍ أَن صَدُّوكُمْ عَنِ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ أَن تَعْتَدُواْ وَتَعَاوَنُواْ عَلَى الْبرِّ وَالتَّقْوَى وَلاَ تَعَاوَنُواْ عَلَى الإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ وَاتَّقُواْ اللّهَ إِنَّ اللّهَ شَدِيدُ الْعِقَابِ (2)

ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە دەستكاری دروشمەكانی خوا مەكەن و هەڵی مەوەشێننەوە (بە تایبەت دروشمەكانی حەج و عەمرە) هەروەها مانگەكانی حەرام (كە: رجب و ذوالقعدة و ذوالحجه و محرم)ە تێكی مەدەن، وە ئەو قوربانیانەش كە دەكرێت (مەرجەكانی مەشێوێنن) وە ئەو ملكوانكەو شتانەی (كە دەكرێتە ملی ئاژەڵ) كە نیشانەیە بۆ ئەوەی كە خاوەنیان بڕیاری داوە كە بكرێن بە قوربانی) لێی مەكەنەوە، وە ڕێگە لەوانە مەگرن كە دێن بۆ زیارەت و (طواف)ی كەعبە بە ئومێدی فەزڵ و ڕەزامەندی خوا، كاتێ كە ئیحرام دەشكێنن بۆتان هەیە ڕاو بكەن. وە دوژمنایەتی و ڕقەبەرایەتی كەسانێك، كە نەیان هێشت كاتی خۆی زیارەتی كەعبە بكەن، مەكەنە هۆی دەستدرێژی و بەرپاكردنی ناخۆشی، وە یارمەتی و كۆمەكی یەكتری بكەن لەسەر چاكەو

خواناسی، نەكەن یارمەتی و كۆمەكی یەكتر بكەن لەسەر گوناهو دەست درێژی، لەخوا بترسن و پارێزكار بن چونكە بەڕاستی خوا تۆڵەسێنەرێكی زۆر بەهێزە.

حُرِّمَتْ عَلَيْكُمُ الْمَيْتَةُ وَالْدَّمُ وَلَحْمُ الْخِنْزِيرِ وَمَا أُهِلَّ لِغَيْرِ اللّهِ بِهِ وَالْمُنْخَنِقَةُ وَالْمَوْقُوذَةُ وَالْمُتَرَدِّيَةُ وَالنَّطِيحَةُ وَمَا أَكَلَ السَّبُعُ إِلاَّ مَا ذَكَّيْتُمْ وَمَا ذُبِحَ عَلَى النُّصُبِ وَأَن تَسْتَقْسِمُواْ بِالأَزْلاَمِ ذَلِكُمْ فِسْقٌ الْيَوْمَ يَئِسَ الَّذِينَ كَفَرُواْ مِن دِينِكُمْ فَلاَ تَخْشَوْهُمْ وَاخْشَوْنِ الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ الإِسْلاَمَ دِينًا فَمَنِ اضْطُرَّ فِي مَخْمَصَةٍ غَيْرَ مُتَجَانِفٍ لِّإِثْمٍ فَإِنَّ اللّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ (3)

گۆشتی مردارەوەبوو، خوێن و گۆشتی بەراز لێتان حەرام كراوە، هەروەها ئەو ماڵاتانەش كە سەردەبڕدرێن و ناوی غەیری خوای لەسەر دەبرێت، ماڵاتی خنكاویش، ئەوەش كە بە ئازارو لێدان مردار دەبێتەوە، یا دەكەوێتە ناو بیرێكەوە و مردار دەبێتەوە، ئەو ماڵاتەش كە بە شۆقی ماڵاتێكی كە مردار بوبێتەوە، ئەوانەش كە دڕندەی كێوی پەلاماری دابن و لێی خواردبن مەگەر فریای چەقۆ كەوتبن، (هەر حاڵەتێك لەوانەی كە باسكرا ئەگەر بە چەقۆدا بگات حەڵاڵە) بەڵام ئەو ماڵاتانەی كە لە شوێنی تایبەتیدا بۆ بتەكان سەردەبڕدرێن ئەوانەش هەر حەرامە، هەروەها حەرامە سوێند خواردن و پشت بەستن بەو دارو تەختە بچوكانەی (كە خۆتان دەیتاشن و)، ئەو جۆرە كردارو ڕەفتارانە سەرپێچی و دەرچوونە لە (فەرمانی خوا). ئەمڕۆ (كە ڕۆژی عەرەفەیە) كافران نائومێد بوون لە دین و ئاینی ئێوە (ئیتر ناتوانن زاڵ بن بەسەرتاناو هەرگیز نوری خوایان بۆ ناكوژێتەوە) كەواتە لەوانە مەترسن بەڵكو هەر لە من بترسن ئەمڕۆ ئاین و بەرنامەكەتانم بە كۆتایی گەیاند، وە نازو نیعمەتەكانی خۆمم بۆ تەواو كردن وە ڕازیم بەوەی كە ئیسلام ببێتە بەرنامەو دین و ئاینتان. (جا لەگەڵ بڕیاردانی ئەو شتانەدا كە حەراممان كردووە) هەركەس ناچار بوو لە گرانیی و برسێتیدا (وە مەترسی ئەوەی هەبوو بمرێت) دەتوانێت لەو شتانە بخوات كە حەرامكان كردووە بەمەرجێك دەست درێژكار نەبێت و بەئارەزوو

ژەمی زۆری لێ نەخوات و خۆی توشی گوناهو تاوان نەکات، بەڕاستی خوا لێخۆشبووەو میهرەبانە (بەبەندەکانی).

يَسْأَلُونَكَ مَاذَا أُحِلَّ لَهُمْ قُلْ أُحِلَّ لَكُمُ الطَّيِّبَاتُ وَمَا عَلَّمْتُم مِّنَ الْجَوَارِحِ مُكَلِّبِينَ تُعَلِّمُونَهُنَّ مِمَّا عَلَّمَكُمُ اللّهُ فَكُلُواْ مِمَّا أَمْسَكْنَ عَلَيْكُمْ وَاذْكُرُواْ اسْمَ اللّهِ عَلَيْهِ وَاتَّقُواْ اللّهَ إِنَّ اللّهَ سَرِيعُ الْحِسَابِ (4)

پرسیارت لێ دەکەن چی حەڵاڵە بۆیان؟ پێیان بڵێ: هەرچی خۆراکی چاك و پاکە حەڵاڵە بۆتان، ئەوەش باڵندەو تانجی شکاری بۆتان ڕاو دەکەن و فێرتان کردوون (بێگومان خوا تواناى بەخشیوە بە ئادەمیزاد کە مەشق بکا بە گیانداران و فێریان بکا کە ڕاوی بۆ بکەن بەتایبەتی تانجی)، دە بخۆن لەوەی کە بۆتان دەگرن وە ناوی خوای لێ بێنن کاتێ کە بەرەڵای دەکەن، وە کاتێ کە لێی دەخۆن، هەر لە خوایش بترسن و پارێزکار بن (ئەی ڕاوچیەکان)، بەڕاستی خوا بەخێرایی لێپرسینەوە ئەنجام دەدات (وە وردو درشتی کردارو ڕەفتار فەرامۆش ناکات).

الْيَوْمَ أُحِلَّ لَكُمُ الطَّيِّبَاتُ وَطَعَامُ الَّذِينَ أُوتُواْ الْكِتَابَ حِلٌّ لَّكُمْ وَطَعَامُكُمْ حِلٌّ لَّهُمْ وَالْمُحْصَنَاتُ مِنَ الْمُؤْمِنَاتِ وَالْمُحْصَنَاتُ مِنَ الَّذِينَ أُوتُواْ الْكِتَابَ مِن قَبْلِكُمْ إِذَا آتَيْتُمُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ مُحْصِنِينَ غَيْرَ مُسَافِحِينَ وَلاَ مُتَّخِذِي أَخْدَانٍ وَمَن يَكْفُرْ بِالإِيمَانِ فَقَدْ حَبِطَ عَمَلُهُ وَهُوَ فِي الآخِرَةِ مِنَ الْخَاسِرِينَ (5)

لەمڕۆ بەدواوە هەرچی خۆراکی چاك و پاکە بۆتان حەڵاڵە، وە خواردنی ئەوانەی کە خاوەن کتێبن لە (گاورو جوو) بۆتان حەڵاڵە، خواردەمەنی ئێوەش بۆ ئەوان حەڵاڵە، ئافرەتانی پاك داوێن لە ئیماندارانی سەربەست و لە خاوەنانی کتێبی پێش ئێوە (بۆتان حەڵاڵە) ئەگەر مارەییان پێ ببەخشن، بەمەرجێك پاك داوێن بن و دوورە پەرێز بن لە دۆست گرتن و داوێن پیسی، بێگومان ئەوەی لە ئیمان پاشگەز بێتەوەو مەرجەکانی

نەپارێزێت، ئەوە ئیتر هەموو کارو کردەوە چاکەکانیشی پووچ دەبێتەوە و ئەو جۆرە کەسانە لە قیامەت دا لە ڕیزی خەسارەتمەندو زەرەرمەندانن.

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ إِذَا قُمْتُمْ إِلَى الصَّلاةِ فاغْسِلُواْ وُجُوهَكُمْ وَأَيْدِيَكُمْ إِلَى الْمَرَافِقِ وَامْسَحُواْ بِرُؤُوسِكُمْ وَأَرْجُلَكُمْ إِلَى الْكَعْبَينِ وَإِن كُنتُمْ جُنُبًا فَاطَّهَّرُواْ وَإِن كُنتُم مَّرْضَى أَوْ عَلَى سَفَرٍ أَوْ جَاء أَحَدٌ مَّنكُم مِّنَ الْغَائِطِ أَوْ لاَمَسْتُمُ النِّسَاء فَلَمْ تَجِدُواْ مَاء فَتَيَمَّمُواْ صَعِيدًا طَيِّبًا فَامْسَحُواْ بِوُجُوهِكُمْ وَأَيْدِيكُم مِّنْهُ مَا يُرِيدُ اللّهُ لِيَجْعَلَ عَلَيْكُم مِّنْ حَرَجٍ وَلَكِن يُرِيدُ لِيُطَهَّرَكُمْ وَلِيُتِمَّ نِعْمَتَهُ عَلَيْكُمْ لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ (6)

ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە هەرکاتێك ویستتان هەستن بۆ نوێژ (پێش ئەوە دەست نوێژ بگرن، بەم شێوەیە: سەرەتا ڕوخسارتان بشۆن، ئەوجا دەستەکانتان تا ئانیشکتان، ئینجا دەستی تەڕ بێنن بەسەر هەموو سەرتانا یان بەشێکی وە قاچەکانیشتان بشۆن تا قولەپێتان، ئەگەر لەشتان گران بوو ئەوە خۆتان خاوێن بکەن و خۆتان بشۆن، ئەگەر نەخۆش بوون یا لەسەفەردا بوون یا دەستان بەئاو گەیاندبوو (تارەتتان گرتبوو) یا چووبونە لای ژنانی هاوسەرتان، یا دەستان بەریان کەوتبوو، وە ئاوتان دەست نەدەکەوت (بۆ خۆشتن یان دەست نوێژ) (ئەو کاتە دەتوانن) بە خاکێکی پاك تەیەموم بکەن (واتە بەری دەستان بەئاستەم بماڵن بە خاکدا) وە بیهێنن بە ڕوخسار و دەستانا (تا ئانیشکتان). خوا نایەوێت لە ئایندا تووشی سەغڵەتی و ناڕەحەتیتان بکات بەڵکو دەیەوێت پاك و خاوێنتان بکات (لە ڕواڵەت و ناوەرۆکدا)، دەیەوێت نازو نیعمەتی خۆیتان بەسەردا تەواو بکات بەڵکو سوپاسگوزار بن.

وَاذْكُرُواْ نِعْمَةَ اللّهِ عَلَيْكُمْ وَمِيثَاقَهُ الَّذِي وَاثَقَكُم بِهِ إِذْ قُلْتُمْ سَمِعْنَا وَأَطَعْنَا وَاتَّقُواْ اللّهَ إِنَّ اللّهَ عَلِيمٌ بِذَاتِ الصُّدُورِ (7)

یادی نازو نیعمەتی خوا بکەنەوە لەسەرتان، هەروەها ئەو پەیمانەش کە ئێوەی پابەند کردووە (وەکو پەیمانی عەقەبەو ڕضوان، پەیمانی دینداری بەگشتی). لە بیرتان بێت کە وتتان: گوێڕایەڵ و ملکەچ و فەرمانبەرداریین (کەواتە ئیتر هەمیشە و بەردەوام) لە خوا بترسن و پارێزکار بن، چونکە خوا زانایە بە نهێنی دڵ و دەروونەکان.

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ كُونُواْ قَوَّامِينَ لِلّهِ شُهَدَاء بِالْقِسْطِ وَلاَ يَجْرِمَنَّكُمْ شَنَآنُ قَوْمٍ عَلَى أَلاَّ تَعْدِلُواْ اعْدِلُواْ هُوَ أَقْرَبُ لِلتَّقْوَى وَاتَّقُواْ اللّهَ إِنَّ اللّهَ خَبِيرٌ بِمَا تَعْمَلُونَ (8)

ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، هەمیشەو بەردەوام پابەندی فەرمانەکانی خوا ببن، وە شایەتی دادوەرانە ئەنجام بدەن، وە دوژمنایەتی هیچ کەس و هیچ لایەك واتان لێ نەکات کە لە دادپەروەری لابدەن، بێگومان دادپەروەریی نزیکترە لە تەقواو خواناسییەوە، (دەی کەواتە) لەخوا ترس و پارێزکار بن چونکە بەڕاستی خوا ئاگادارە بە کارو کردەوەتان.

وَعَدَ اللّهُ الَّذِينَ آمَنُواْ وَعَمِلُواْ الصَّالِحَاتِ لَهُم مَّغْفِرَةٌ وَأَجْرٌ عَظِيمٌ (9)

بەڕاستی خوا بەڵێنی داوە بەوانەی باوەڕیان هێناوەو کردەوەی چاك ئەنجام دەدەن بە لێخۆشبوون و چاوپۆشی (لە هەڵەو گوناهەکانیان) وە پاداشتی زۆرو بێ سنوری بۆ ئامادە کردوون.

وَالَّذِينَ كَفَرُواْ وَكَذَّبُواْ بِآيَاتِنَا أُوْلَئِكَ أَصْحَابُ الْجَحِيمِ (10)

ئەوانەش کە ڕێبازی کوفریان گرتۆتە بەرو بڕوایان بە ئایەتەکانی ئێمە نیەو بەدرۆی دەخەنەوە، ئا ئەوانە نیشتەجێی ناو ئاگری دۆزەخن.

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ اذْكُرُواْ نِعْمَتَ اللّهِ عَلَيْكُمْ إِذْ هَمَّ قَوْمٌ أَن يَبْسُطُواْ إِلَيْكُمْ أَيْدِيَهُمْ فَكَفَّ أَيْدِيَهُمْ عَنكُمْ وَاتَّقُواْ اللّهَ وَعَلَى اللّهِ فَلْيَتَوَكَّلِ الْمُؤْمِنُونَ (11)

ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە یادی نازو نیعمەتەکانی خوا بکەنەوە لەسەرتان کاتێ کە هەندێك ویستیان دەستدرێژی بکەنە سەرتان، خوایش دەستدرێژیەکەی ڕاگرتن و (ئێوەی پاراست)، دەی کەواتە لە خوا بترسن و پارێزکار بن، با ئیمانداران هەر پشت بەخوا ببەستن (تا هەمیشە فریایان بکەوێت و لە پیلانی دوژمنان بیانپارێزێت).

وَلَقَدْ أَخَذَ اللّهُ مِيثَاقَ بَنِي إِسْرَائِيلَ وَبَعَثْنَا مِنهُمُ اثْنَيْ عَشَرَ نَقِيبًا وَقَالَ اللّهُ إِنِّي مَعَكُمْ لَئِنْ أَقَمْتُمُ الصَّلاَةَ وَآتَيْتُمُ الزَّكَاةَ وَآمَنتُم بِرُسُلِي وَعَزَّرْتُمُوهُمْ وَأَقْرَضْتُمُ اللّهَ قَرْضًا حَسَنًا لَّأُكَفِّرَنَّ عَنكُمْ سَيِّئَاتِكُمْ وَلأُدْخِلَنَّكُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الأَنْهَارُ فَمَن كَفَرَ بَعْدَ ذَلِكَ مِنكُمْ فَقَدْ ضَلَّ سَوَاء السَّبِيلِ (12)

بێگومان (کاتی خۆی) خوا پەیمانی لە نەوەی ئیسرائیل وەرگرت و دوانزە ڕابەری تیا هەڵبژاردن، وە (پێی) فەرموون کە من یارو یاوەرتانم بە مەرجێك نوێژەکانتان بەچاکی ئەنجام بدەن، وە زەکات ببەخشن، وە باوەڕ بێنن بە هەموو پێغەمبەران و پشتیوانییان لێ بکەن، وە قەرزی چاك و ڕێك و پێك ببەخشن بەخوا (لەبەر ڕەزامەندیی ئەو

هەموو چاكەیەك ئەنجام بدەن و چاوەڕێی پاداشت لەو بن) بەڕاستی (ئەگەر وابن) لە گوناهو هەڵەكانتان خۆش دەبم و چاوپۆشیتان لێ دەكەم، دەتانخەمە باخ و باخاتی بەهەشتەوە كە جۆگەو ڕوبار بەژێر درەختەكانیا دەڕوات، جا ئەوەی لەوەودوا ڕێبازی كوفر بگرێتە بەر، ئەوە مانای وایە كە بەڕاستی ڕێگەو ڕێبازی ڕاست و ڕەوانی لێ تێكچووە.

فَبِمَا نَقْضِهِم مِّيثَاقَهُمْ لَعنَّاهُمْ وَجَعَلْنَا قُلُوبَهُمْ قَاسِيَةً يُحَرِّفُونَ الْكَلِمَ عَن مَّوَاضِعِهِ وَنَسُواْ حَظًّا مِّمَّا ذُكِّرُواْ بِهِ وَلاَ تَزَالُ تَطَّلِعُ عَلَىَ خَآئِنَةٍ مِّنْهُمْ إِلاَّ قَلِيلًا مِّنْهُمُ فَاعْفُ عَنْهُمْ وَاصْفَحْ إِنَّ اللّهَ يُحِبُّ الْمُحْسِنِينَ (13)

بەهۆی ئەوەوە كە نەوەی ئیسرائیل بەردەوام پەیمان و بەڵێنەكانیان دەشكاند، نەفرەتمان لێكردن و دڵەكانیانمان ڕەق و سەخت كرد (چونكە یەكێك لە سیفەتیان ئەوەیە كە:) قسە لەجێی خۆیدا ناكەن و جێی دەگۆڕن (بە ئارەزووی خۆیان دەستكاریی تەوراتیشیان كردووە) هەروەها گەلێك لەو شتانەی كە یاداوەری بوو بۆیان فەرامۆشیان كردو، بەردەوام دەبینی و بۆت دەردەكەوێت كە زۆربەیان خیانەتكارو دوژمنكارن مەگەر كەمێكیان نەبێت، (لەگەڵ ئەوەشدا قەیناكا) هەر لێیان خۆش ببەو چاوپۆشیان لێ بكە چونكە بەڕاستی خوا چاكەكارانی خۆش دەوێت.

وَمِنَ الَّذِينَ قَالُواْ إِنَّا نَصَارَى أَخَذْنَا مِيثَاقَهُمْ فَنَسُواْ حَظًّا مِّمَّا ذُكِّرُواْ بِهِ فَأَغْرَيْنَا بَيْنَهُمُ الْعَدَاوَةَ وَالْبَغْضَاء إِلَى يَوْمِ الْقِيَامَةِ وَسَوْفَ يُنَبِّئُهُمُ اللّهُ بِمَا كَانُواْ يَصْنَعُونَ (14)

هەروەها پەیمانمان لەوانەش وەرگرتووە کە دەڵێن: ئێمە گاورین کەچی هەندێك لەو شتانەیان فەرامۆش کرد کە پێیان ڕاگەیەنرا، (بەتایبەتی دەربارەی پێغەمبەرایەتی محمد صلی الله علیه وسلم) ئێمەش هەتا ڕۆژی قیامەت دوژمنایەتی و ڕق و کینەمان لە نێوانیاندا بەرپا کرد، لە ئایندەشدا خوا هەموو ئەو کارو کردەوانەیان دەخاتەوە بەرچاوو پێیان ڕادەگەیەنێت.

يَا أَهْلَ الْكِتَابِ قَدْ جَاءكُمْ رَسُولُنَا يُبَيِّنُ لَكُمْ كَثِيرًا مِّمَّا كُنتُمْ تُخْفُونَ مِنَ الْكِتَابِ وَيَعْفُو عَن كَثِيرٍ قَدْ جَاءكُم مِّنَ اللّهِ نُورٌ وَكِتَابٌ مُّبِينٌ (15)

ئەی خاوەنانی کتێب دڵنیا بن کە پێغەمبەری ئێمە بۆسەر ئێوەش ڕەوانە کراوە تا زۆربەی ئەو شتانەی کەلای ئێوە ڕوون و ئاشکرا نین، وە دەیشارنەوە لە کتێبی (تەورات و ئینجیل دا) بۆتان ڕوون و ئاشکرا بکات، هەروەها لە زۆر شت چاوپۆشی دەکات (ئەگەر پەشیمان ببنەوەو ڕوو بکەنە پەروەردگاری تاك و تەنها) چونکە بەڕاستی لەلایەن خواوە ڕووناکیەکی ئاشکراتان بۆ ڕەوانە کراوە (کە محمد پێغەمبەرە) هاوڕێ لەگەڵ کتێبێکی ئاشکرادا (کە قورئانە).

يَهْدِي بِهِ اللّهُ مَنِ اتَّبَعَ رِضْوَانَهُ سُبُلَ السَّلاَمِ وَيُخْرِجُهُم مِّنِ الظُّلُمَاتِ إِلَى النُّورِ بِإِذْنِهِ وَيَهْدِيهِمْ إِلَى صِرَاطٍ مُّسْتَقِيمٍ (16)

(بێگومان) خوا بەو قورئانە پیرۆزە هیدایەت و ڕێنمونی ئەو کەسانە دەکات کە بە شوێن بە دەستهێنانی ڕەزامەندیی ئەودا وێڵن، وە بەرەو ڕێبازەکانی ئاشتی و ئاسودەیی دەیانبات، بەفەرمانی خۆی لە تاریکستانەکان دەریان دێنێت و ڕزگاریان دەکات و دەیانخاتە ناو

ڕووناكیەوە، وە ڕێنمونی یان دەكات بۆ سەر ڕێگەو ڕێبازی ڕاست و دروستی (دینداری و خواناسی و چاكە).

لَّقَدْ كَفَرَ الَّذِينَ قَآلُواْ إِنَّ اللّهَ هُوَ الْمَسِيحُ ابْنُ مَرْيَمَ قُلْ فَمَن يَمْلِكُ مِنَ اللّهِ شَيْئًا إِنْ أَرَادَ أَن يُهْلِكَ الْمَسِيحَ ابْنَ مَرْيَمَ وَأُمَّهُ وَمَن فِي الأَرْضِ جَمِيعًا وَلِلّهِ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ وَمَا بَيْنَهُمَا يَخْلُقُ مَا يَشَاءُ وَاللّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ (17)

بێگومان ئەوانە كافرو حەق پۆشن كە دەڵێن: خوا هەر ئەو مەسیحەی كوڕی مەریەمە، (ئەی محمد پێیان) بڵێ: ئەگەر خوا بیەوێ مەسیحی كوڕی مەریەم و دایكی و هەرچی لەسەر زەویدا هەیە لەناو بەرێ؟ كێ لە بەرانبەر خواوە هیچ دەسەڵاتی هەیە؟ (كەواتە ئەویش و دایكیشی و ئەو خەڵكەش بەدیهێنراوی خوان و لە دەسەڵاتی دەرناچن، ئیتر بە چ بەڵگەیەك قسەی وا نابەجێ دەكەن!!، بەمەرجێك) خوا زاتێكە هەرچی لە ئاسمانەكان و زەوی و نێوانیاندا هەیە هەر ئەو خاوەنیانە، هەرچی ئەو بیەوێ دروستی دەكات، (شتێكی ئاسایی یە ئەو زاتە مەسیح بێ باوك دروست بكات) چونكە خوا دەسەڵاتی هەیە بەسەر هەموو شتێكداو (هەموو شت لای ئەو ئاسانە).

وَقَالَتِ الْيَهُودُ وَالنَّصَارَى نَحْنُ أَبْنَاء اللّهِ وَأَحِبَّاؤُهُ قُلْ فَلِمَ يُعَذِّبُكُم بِذُنُوبِكُم بَلْ أَنتُم بَشَرٌ مِّمَّنْ خَلَقَ يَغْفِرُ لِمَن يَشَاءُ وَيُعَذِّبُ مَن يَشَاءُ وَلِلّهِ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ وَمَا بَيْنَهُمَا وَإِلَيْهِ الْمَصِيرُ (18)

جوكەلەو گاور دەڵێن: ئێمە ڕۆڵەی خواو خۆشەویستی ئەوین، پێیان بڵێ: كەواتە بۆچی لەسەر گوناهو تاوانتان سزاتان دەدات (لە دنیادا بە ئاشكرا

بەڵاو ناخۆشیتان بۆ پێش دێنێ، سزای قیامەتیش لەولاوە بوەستێ، ئێوە خۆتان ئاوا بەگەورەو نازدار دامەنێن و ئاوا خۆتان جیامەکەنەوە)، ئێوەش بەشەرو ئادەمیزادێکن وەکو ئەو هەموو خەڵکەی کە دروستکراون، ئەوەی خوا بیەوێ لێی خۆش ببێت لێی خۆش دەبێت، ئەوەش بیەوێت سزای بدات سزای دەدات (ئەڵبەتە لەچوارچێوەی دادپەروەریدا) هەرچیش لە ئاسمانەکان و زەویدا هەیە هەر خوا خاوەنیانە، گەڕانەوەو سەرئەنجامیش بۆ لای ئەو زاتەیە.

يَا أَهْلَ الْكِتَابِ قَدْ جَاءكُمْ رَسُولُنَا يُبَيِّنُ لَكُمْ عَلَى فَتْرَةٍ مِّنَ الرُّسُلِ أَن تَقُولُواْ مَا جَاءنَا مِن بَشِيرٍ وَلاَ نَذِيرٍ فَقَدْ جَاءكُم بَشِيرٌ وَنَذِيرٌ وَاللّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ (19)

ئەی خاوەنانی کتێب بێگومان پێغەمبەرمان (محمد) ڕەوانەکردووە تا هەموو شتێکتان بۆ ڕوون بکاتەوە، دوای ئەوەی کە ماوەیەك بوو هیچ پێغەمبەرێکمان ڕەوانە نەکردبوو (نێوان لە دایك بوونی عیسا و محمد سەلامی خوایان لەسەر بێت، زیاتر لە شەش سەدەیە) تاوەکو لەوەودوا نەڵێن کەسمان بۆ ڕەوانە نەکرا تا مژدەدەربێ (بەچاکان) وە ترسێنەربێ بۆ (یاخیەکان)، ئەوەتە بەڕاستی مژدەدەرو ترسێنەرتان بۆ ڕەوانەکراوە (ئیتر هیچ بیانویەکتان نەماوە) خوایش دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێکدا هەیە (ئەگەر یاخی بن سزاتان دەدات).

وَإِذْ قَالَ مُوسَى لِقَوْمِهِ يَا قَوْمِ اذْكُرُواْ نِعْمَةَ اللّهِ عَلَيْكُمْ إِذْ جَعَلَ فِيكُمْ أَنبِيَاء وَجَعَلَكُم مُّلُوكًا وَآتَاكُم مَّا لَمْ يُؤْتِ أَحَدًا مِّن الْعَالَمِينَ (20)

یادیان بێنەوە کاتێ موسا بەقەومەکەی وت: ئەی قەوم  و  عەشرەتم یادی نازو نیعمەتی خوا بکەنەوە لەسەرتان کە پێغەمبەرانی لەناو ئێوەدا فەراهەم هێناوە، هەروەها پاشای زۆری لەناوتانا هەڵخستووە، ئەوەی بە ئێوەی بەخشیوە بە کەسی تری نەبەخشیوە لەو خەڵکە بێ شومارە.

يَا قَوْمِ ادْخُلُوا الأَرْضَ المُقَدَّسَةَ الَّتِي كَتَبَ اللّهُ لَكُمْ وَلاَ تَرْتَدُّوا عَلَى أَدْبَارِكُمْ فَتَنقَلِبُوا خَاسِرِينَ (21)

ئەی قەوم و عەشرەتم بچنە سەر زەویە پیرۆزەکە، کە خوا بڕیاری بۆ داون، پاشگەز مەبنەوە و پاشەکشێ مەکەن تا خەسارەتمەندو زەرەرمەند نەبن.

قَالُوا يَا مُوسَى إِنَّ فِيهَا قَوْمًا جَبَّارِينَ وَإِنَّا لَن نَّدْخُلَهَا حَتَّىَ يَخْرُجُواْ مِنْهَا فَإِن يَخْرُجُواْ مِنْهَا فَإِنَّا دَاخِلُونَ (22)

(کەچی) وتیان: ئەی موسا (ئێمە دەزانین کە) بەڕاستی خەڵکێکی ئازاو لێهاتووی تیایە، وە ئێمە هەرگیز ناچینە ئەوێ تا ئەوانی لێ دەرنەچن، جا ئەگەر ئەوان دەرچون (ئەو کاتە) ئێمە دەچینە ناوی!!

قَالَ رَجُلاَنِ مِنَ الَّذِينَ يَخَافُونَ أَنْعَمَ اللّهُ عَلَيْهِمَا ادْخُلُواْ عَلَيْهِمُ الْبَابَ فَإِذَا دَخَلْتُمُوهُ فَإِنَّكُمْ غَالِبُونَ وَعَلَى اللّهِ فَتَوَكَّلُواْ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ (23)

(بەڵام) دوو کەس لەوانەی کە خوا نازو نیعمەتی ئیمان و دڵنیایی تەواوی پێ بەخشیبون وتیان: لە دەروازەی شارەوە بچنە سەریان و (یەك هێرشی گەورە بەرن) هەر کە چوونە ئەو دیوەوە ئیتر ئێوە سەرکەوتوو دەبن و (دوژمنان شکست دێنن، بۆ بەدەستهێنانی ئەو سەرکەوتنە دەبێت) بە تەواوی پشت بەخوا ببەستن ئەگەر ئیماندارن.

قَالُواْ يَا مُوسَى إِنَّا لَن نَّدْخُلَهَا أَبَدًا مَّا دَامُواْ فِيهَا فَاذْهَبْ أَنتَ وَرَبُّكَ فَقَاتِلا إِنَّا هَاهُنَا قَاعِدُونَ (24)

کەچی وتیان ئەی موسا دڵنیابە ئێمە هەرگیز ناچینە ئەو شارەوە ڕووی تێناکەین مادەم (ئەو جەنگاوەرانەی) تیابێ، (ئیتر تۆ کەیفی خۆتە حەز دەکەی) بچۆ خۆت و پەروەردگارت جەنگ بکەن ئێمە ئا لێرە دادەنیشین و (چاوەڕێی سەرئەنجامین)!!

قَالَ رَبِّ إِنِّي لا أَمْلِكُ إِلاَّ نَفْسِي وَأَخِي فَافْرُقْ بَيْنَنَا وَبَيْنَ الْقَوْمِ الْفَاسِقِينَ (25)

ئەوجا موسا وتی: پەروەردگارا من تەنها دەسەڵاتی خۆم و براکەمم هەیە (ئێمە ئامادەی هەموو فەرمانێکی تۆین) داواکارین کە ئێمە جیابکەیتەوە لەو خەڵکە تاوانکارو ستەم پیشەیە.

قَالَ فَإِنَّهَا مُحَرَّمَةٌ عَلَيْهِمْ أَرْبَعِينَ سَنَةً يَتِيهُونَ فِي الأَرْضِ فَلاَ تَأْسَ عَلَى الْقَوْمِ الْفَاسِقِينَ (26)

خوا فەرمووی: چوونە ئەو شارەو ڕزگارکردنی حەرامە لەسەریان تا چل دانە ساڵ، دەبێ وێڵ و سەرگەردان بن لەسەر زەویدا (کە شوێنی دیاری کراو بوو لە بیابانی سینادا، تیای دا قەتیس مان و نەتان دەتوانی لێی دەرچن تا ئەو نەوە ترسنۆکە تیاچوو، وە نەوەی تازە پێگەیشت)، ئیتر خەفەت مەخۆ بۆ گەل و هۆزی تاوانبارو ستەم پیشە.

وَاتْلُ عَلَيْهِمْ نَبَأَ ابْنَيْ آدَمَ بِالْحَقِّ إِذْ قَرَّبَا قُرْبَانًا فَتُقُبِّلَ مِن أَحَدِهِمَا وَلَمْ يُتَقَبَّلْ مِنَ الآخَرِ قَالَ لَأَقْتُلَنَّكَ قَالَ إِنَّمَا يَتَقَبَّلُ اللّهُ مِنَ الْمُتَّقِينَ (27)

بەسەرهات و ڕووداوی دوو کوڕەکەی ئادەم (قابیل و هابیل) بۆ ئەو خەڵکەی بگێڕەوە کە بە ڕاستی ڕوویداوە کاتێ کە قوربانەیەکەیان کرد، لە یەکێکیان (کە هابیلە) وەگیرا (کە لە سەر حەق بوو، لە خوا ترس بوو) وە لەوی تریان (کە قابیلە) وەنەگیرا (چونکە ڕق ئەستورو لەخوا نەترس بوو) (کەچی قابیل بە هابیلی) وت: هەر دەتکوژم (هابیل لەوەڵامی هەڕەشەکەیدا) وتی: خوای گەورە تەنها لە پارێزکاران قوربانی و چاکە وەردەگرێت.

لَئِن بَسَطتَ إِلَيَّ يَدَكَ لِتَقْتُلَنِي مَا أَنَاْ بِبَاسِطٍ يَدِيَ إِلَيْكَ لَأَقْتُلَكَ إِنِّي أَخَافُ اللّهَ رَبَّ الْعَالَمِينَ (28)

خۆ ئەگەر تۆ دەستت درێژ بکەیتە سەر من و بتەوێ بمکوژی، من دەست درێژ ناکەمە سەر تۆو ناتکوژم چونکە بەڕاستی من لە سزاو تۆڵەی خوا پەروەردگاری جیهانەکان دەترسم (نەك لە تۆ).

إِنِّي أُرِيدُ أَن تَبُوءَ بِإِثْمِي وَإِثْمِكَ فَتَكُونَ مِنْ أَصْحَابِ النَّارِ وَذَلِكَ جَزَاء الظَّالِمِينَ (29)

(من بەو دەست درێژ نەكردنەم) دەمەوێ گوناهی كوشتنی من و گوناهەكانی تری خۆیشت كەڵەكە ببێت لەسەرت و ببیتە نیشتەجێی ناو ئاگر، هەر ئەوەشە پاداشتی ستەمكاران.

فَطَوَّعَتْ لَهُ نَفْسُهُ قَتْلَ أَخِيهِ فَقَتَلَهُ فَأَصْبَحَ مِنَ الْخَاسِرِينَ (30)

(سەرئەنجام) نەفسی سەركەشی قابیل هانی داو كوشتنی براكەی لا سادە ساكار كرد (ڕۆژێك فرسەتی لێ هێناو) كوشتی، ئیتر خۆی خستە ڕیزی خەسارەتمەندو زەرەرمەندانەوە.

فَبَعَثَ اللّهُ غُرَابًا يَبْحَثُ فِي الأَرْضِ لِيُرِيَهُ كَيْفَ يُوَارِي سَوْءةَ أَخِيهِ قَالَ يَا وَيْلَتَا أَعَجَزْتُ أَنْ أَكُونَ مِثْلَ هَذَا الْغُرَابِ فَأُوَارِيَ سَوْءةَ أَخِي فَأَصْبَحَ مِنَ النَّادِمِينَ (31)

(لەوەدوا گیری خوارد بەدەست تەرمەكەیەوە، چونكە وادیارە هابیلی شەهید یەكەم كەسە كە بكوژرێت و بمرێت بۆیە)، خوای میهرەبان قەلەڕەشێكی ناردو چاڵێكی لە زەویدا هەڵكەند (بۆ قەلەڕەشێكی تری مردارەوە بوو) تا نیشانی بدات چۆن لاشەی براكەی بشارێتەوە، (ئەوجا كە ئەوەی دی) وتی: هاوار لە من، من نەمتوانی وەكو ئەو قەلەڕەشە بكەم و بەقەدەر ئەوم لێ نەهات تا لاشەی براكەم ئەسپەردە بكەم، ئیتر بۆ هەمیشە چووە ڕیزی پەشیمانانەوە.

مِنْ أَجْلِ ذَلِكَ كَتَبْنَا عَلَى بَنِي إِسْرَائِيلَ أَنَّهُ مَن قَتَلَ نَفْسًا بِغَيْرِ نَفْسٍ أَوْ فَسَادٍ فِي الأَرْضِ فَكَأَنَّمَا قَتَلَ النَّاسَ جَمِيعًا وَمَنْ أَحْيَاهَا فَكَأَنَّمَا أَحْيَا النَّاسَ جَمِيعًا وَلَقَدْ جَاءتْهُمْ رُسُلُنَا بِالبَيِّنَاتِ ثُمَّ إِنَّ كَثِيرًا مِّنْهُم بَعْدَ ذَلِكَ فِي الأَرْضِ لَمُسْرِفُونَ (32)

لەبەر ئەوەی (کارەساتی کوشتنی ناڕەوا ڕوونەدات) ئێمە بڕیارمان دا لەسەر نەوەی ئیسرائیل (کە ئاگاتان لە خۆتان بێ) ئەوەی کەسێک بە ناحەق بکوژێ (بێ ئەوەی ئەو بکوژە کەسێکی پێشتر بە ناحەق کوشتبێ، یا گوناهو تاوانی گەورەی ئەنجام دابێ لە زەوی دا وەکو جەردەیی و دەست درێژی بێ سنوور)، ئەوە وەك ئەوە وایە هەر هەموو خەڵکی کوشتبێت ئەوەش کەسێك لەمەرگ ڕزگار بکات هەروەك ئەوە وایە هەموو خەڵکی لە مەرگ ڕزگارکردبێت و ژیانی پێ بەخشیبن، خۆ بەردەوام پێغەمبەرانیشمان بە بەڵگەو (معجزة)ی ئاشکرا و دیارەوە بۆ ڕەوانە دەکردن (تا پابەندی حەق و دادبن) کەچی زۆربەیان دوای ئەو ڕینموویانە، هەر لە سنوور دەترازێن (ستەم دەکەن و دووبەرەکی دەنێنەوەو خڵکی دەچەوسێننەوە).

إِنَّمَا جَزَاء الَّذِينَ يُحَارِبُونَ اللّهَ وَرَسُولَهُ وَيَسْعَوْنَ فِي الأَرْضِ فَسَادًا أَن يُقَتَّلُواْ أَوْ يُصَلَّبُواْ أَوْ تُقَطَّعَ أَيْدِيهِمْ وَأَرْجُلُهُم مِّنْ خِلافٍ أَوْ يُنفَوْاْ مِنَ الأَرْضِ ذَلِكَ لَهُمْ خِزْيٌ فِي الدُّنْيَا وَلَهُمْ فِي الآخِرَةِ عَذَابٌ عَظِيمٌ (33)

بێگومان پاداشتی ئەوانەی کە دژایەتی و دوژمنایەتی خواو پێغەمبەرەکەی دەکەن، وە بەگەرمی هەوڵ دەدەن بۆ بڵاوکردنەوەی فەساد و بەدڕەوشتی لە زەوی دا ئەوەیە کە دەبێ بکوژرێن (ئەوانەیان کە خەڵکیان کوشتووە) یان لە خاچ بدرێن (ئەوانەیان کە خەڵکیان

کوشتووەو جەردەیشییان کردووە) یا دەست و قاچێکیان بە پێچەوانەوە ببڕدرێت (ئەوانەیان کە جەردەیی دەکەن) یاخوود دوور بخرێنەوە لە وڵات (ئەوانەیان کە مەترسی یان لێ دەکرێت) ئەمەو هەر لە دنیادا خەجاڵەتی و سەرشۆڕی بەشیانە، لە قیامەتیشدا سزای سەخت و پڕ ئازاریان بۆ ئامادەیە.

إِلاَّ الَّذِينَ تَابُواْ مِن قَبْلِ أَن تَقْدِرُواْ عَلَيْهِمْ فَاعْلَمُواْ أَنَّ اللّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ (34)

جگە لەوانەیان نەبێ کە تەوبە دەکەن پێش ئەوەی دەستی ئێوە بیانگاتێ ئەوە بزانن کە خوا لێخۆشبوو و میهرەبانە (ئەڵبەتە ئەگەر مافی خەڵکیان بەسەرەوە نەبێ).

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ اتَّقُواْ اللّهَ وَابْتَغُواْ إِلَيهِ الْوَسِيلَةَ وَجَاهِدُواْ فِي سَبِيلِهِ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ (35)

ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە لە خوا بترسن و پارێزکار بن، لە ڕێگەی هەموو هۆکارو کردەوەیەکی چاکەوە هەوڵ بدەن (ڕەزامەندیی ئەو زاتە بەدەست بێنن)، هەمیشە هەوڵ و کۆشش بدەن لە پێناوی ئەودا، بەڵکو سەرفەراز بن.

إِنَّ الَّذِينَ كَفَرُواْ لَوْ أَنَّ لَهُم مَّا فِي الأَرْضِ جَمِيعًا وَمِثْلَهُ مَعَهُ لِيَفْتَدُواْ بِهِ مِنْ عَذَابِ يَوْمِ الْقِيَامَةِ مَا تُقُبِّلَ مِنْهُمْ وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ (36)

بێگومان ئەوانەی حەق پۆشن ئەگەر هەرچی سامانی زەوی هەیە هەیانبێت و ئەوەندەی تریشی لەسەر بێت و بیانەوێت خۆیانی پێ ڕزگار بکەن لە سزای ڕۆژی قیامەت، لێیان وەرناگیرێت، ئەوانە سزایەکی بەئێشیان بۆ ئامادە کراوە.

يُرِيدُونَ أَن يَخْرُجُواْ مِنَ النَّارِ وَمَا هُم بِخَارِجِينَ مِنْهَا وَلَهُمْ عَذَابٌ مُّقِيمٌ (37)

ئەوانە دەیانەوێت خۆیان لە دۆزەخ ڕزگار بکەن (بەڵام خەیاڵیان خاوە) هەرگیز ناتوانن خۆیانی لێ ڕزگار بکەن، ئەوانە سزایەکی بەردەوامیان بۆ ئامادەیە.

وَالسَّارِقُ وَالسَّارِقَةُ فَاقْطَعُواْ أَيْدِيَهُمَا جَزَاء بِمَا كَسَبَا نَكَالًا مِّنَ اللّهِ وَاللّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ (38)

دەستی پیاوی دزو ئافرەتی دز ببڕن لە پاداشتی کاری ناڕەوایاندا ئەمەش تۆڵەیەکە لەلایەن خواوە، خوا باڵا دەست و دانایە، (لە بڕیاردانی ئەو سزایەدا ئەڵبەتە ئەم سزایە لە کۆمەڵگەی ئیسلامیی دا جێ بەجێ دەکرێت کە هەموو کەسێك ژیانی مسۆگەرەو هەموان دەستی یارمەتی بۆ یەکتر درێژ دەکەن، هەروەها لە ساڵانی گرانی دا دەست نابڕدرێت، ئەگەر دزەکە نەدارو هەژار بوو چاوپۆشی لێ دەکرێت).

فَمَن تَابَ مِن بَعْدِ ظُلْمِهِ وَأَصْلَحَ فَإِنَّ اللّهَ يَتُوبُ عَلَيْهِ إِنَّ اللّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ (39)

جا ئەوەی دوای ستەم و تاوانەکەی تەوبە بکات و خۆی چاك بکات، ئەوە بێ گومان تەوبەکەی لێ وەردەگیرێت، چونکە خوا باڵادەست و دانایە.

أَلَمْ تَعْلَمْ أَنَّ اللّهَ لَهُ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ يُعَذِّبُ مَن يَشَاءُ وَيَغْفِرُ لِمَن يَشَاءُ وَاللّهُ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ (40)

مەگەر نازانی (ئەی محمد صلی الله علیه وسلم، ئەی ئیماندار) هەرچی لە ئاسمانەکان و زەوی دا هەیە خوا خاوەنیانە سزای هەر کەسێك کە بیەوێت دەیدات (ئەڵبەتە هەڕەمەکی نیە، بەڵکو لەڕوی دادپەروەری تەواوەوە)، هەروەك خۆش دەبێت لەوەی کە دەیەوێت و مەبەستێتی کە (خوا لێی خۆش ببێت) ئەو خوایە دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێکدا هەیە.

يَا أَيُّهَا الرَّسُولُ لاَ يَحْزُنكَ الَّذِينَ يُسَارِعُونَ فِي الْكُفْرِ مِنَ الَّذِينَ قَالُواْ آمَنَّا بِأَفْوَاهِهِمْ وَلَمْ تُؤْمِن قُلُوبُهُمْ وَمِنَ الَّذِينَ هِادُواْ سَمَّاعُونَ لِلْكَذِبِ سَمَّاعُونَ لِقَوْمٍ آخَرِينَ لَمْ يَأْتُوكَ يُحَرِّفُونَ الْكَلِمَ مِن بَعْدِ مَوَاضِعِهِ يَقُولُونَ إِنْ أُوتِيتُمْ هَذَا فَخُذُوهُ وَإِن لَّمْ تُؤْتَوْهُ فَاحْذَرُواْ وَمَن يُرِدِ اللّهُ فِتْنَتَهُ فَلَن تَمْلِكَ لَهُ مِنَ اللّهِ شَيْئًا أُوْلَئِكَ الَّذِينَ لَمْ يُرِدِ اللّهُ أَن يُطَهِّرَ قُلُوبَهُمْ لَهُمْ فِي الدُّنْيَا خِزْيٌ وَلَهُمْ فِي الآخِرَةِ عَذَابٌ عَظِيمٌ (41)

ئەی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم خەفەت مەخۆ لەوانەی کە بە پەلە بەدەم کوفرو بێ دینیەوە دەچن لەوانەی کە بە دەم و زاریان دەڵێن باوەڕمان هێناوە، بەڵام دڵیان ئیمان و باوەڕی تیا نیە، هەروەها لەو

جولەكانەش كە گوێ بۆ درۆو دەلەسە دەگرن، گوێ دەگرن بۆ
کەسانێکی تریش (کە خوانەناسن و) نەهاتوون بۆ لات قسە دەگۆڕن و
قسە لە جێی خۆی دا ناگێڕنەوە، یاخود ئاوەژووی دەکەن، دوای ئەوەی
جێی خۆی گرتبوو (ئەوانەی کە خەڵک دەینێرن بۆ لای پێغەمبەرو پێی)
دەڵێن: ئەگەر ئاوا بڕیاری دا لێی وەرگرن، وە ئەگەر وا بوو هۆشیار
بن، جا ئەوەی خوای گەورە بیەوێت تووشی تاقیکردنەوەی سەختی بکا
ئەوە هەرگیز تۆ ناتوانی بەری دەسەڵاتی خوا بگری بە هیچ شێوەیەك،
ئەوانە هەر خوا نەیویستووە دڵیان پاك و خاوێن بكات (چونکە
خۆیشیان مەبەستیان نەبووە) ئەوانە لە دنیادا سەرشۆڕیی و
شەرمەزاریی بەشیانە، لە قیامەتیشدا سزای سەخت و گەورە چاوەڕییانە.

سَمَّاعُونَ لِلْكَذِبِ أَكَّالُونَ لِلسُّحْتِ فَإِن جَآؤُوكَ فَاحْكُم بَيْنَهُم أَوْ أَعْرِضْ عَنْهُمْ
وَإِن تُعْرِضْ عَنْهُمْ فَلَن يَضُرُّوكَ شَيْئًا وَإِنْ حَكَمْتَ فَاحْكُم بَيْنَهُمْ بِالْقِسْطِ إِنَّ
اللّهَ يُحِبُّ الْمُقْسِطِينَ (42)

ئەو (جولەکە) بەدڵ گەرمی گوێ بۆ درۆ دەگرن و کەسایەتیان ناپوختەو
حەرام خۆر و سووخۆرن، ئەگەر کێشەیەکیان هەبوو، هاتن بۆ لات (تۆ
سەربەستی) داوەری بکەی لە نێوانیاندا یا گوێیان پێ نەدەی، خۆ ئەگەر
گوێیان نەدەیتێ هەرگیز ناتوانن هیچ جۆرە زیانێکت پێ بگەیەنن، خۆ
ئەگەر دادپەروەریت کرد لە نێوانیاندا دادپەروەرانە ئەنجامی بدە، چونکە
بەڕاستی خوا دادپەروەرو مافپەروەرانی خۆش دەوێت.

وَكَيْفَ يُحَكِّمُونَكَ وَعِندَهُمُ التَّوْرَاةُ فِيهَا حُكْمُ اللّهِ ثُمَّ يَتَوَلَّوْنَ مِن بَعْدِ ذَلِكَ وَمَا
أُوْلَئِكَ بِالْمُؤْمِنِينَ (43)

(سەیرە) ئەوانە چۆن دێن و تۆ دەکەن بە دادوەر، لە کاتێکدا خۆیان تەوراتیان لایەو فەرمانی خوای بەڕوونی تیایە، پاشان پشتی تێ دەکەن دوای ئەوەی کە (حوکم و فەرمانی خوایان بۆ دەردەکەوێت) دیارە ئەوانە هەر ئیماندارن نین (لە مەدینەودا یەکێك لە ناودارانی جوو زینای کردبوو، حوکمی زینا کەرێك کە هاوسەری هەبێت لە تەوراتدا بەردباران کردنە، تا بەڵکو حوکمەکەی لە قورئاندا ئاسان تر بێت، هاتن بۆ خزمەتی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم، "بەمەرجێ باوەڕیان بە پێغەمبەرو بە قورئان نەبوو"، کاتێ کە پێغەمبەر گێڕانیەوە بۆلای حوکمی تەورات پشتیان هەڵکردو بە دڵیان نەبوو...).

إِنَّا أَنزَلْنَا التَّوْرَاةَ فِيهَا هُدًى وَنُورٌ يَحْكُمُ بِهَا النَّبِيُّونَ الَّذِينَ أَسْلَمُواْ لِلَّذِينَ هَادُواْ وَالرَّبَّانِيُّونَ وَالأَحْبَارُ بِمَا اسْتُحْفِظُواْ مِن كِتَابِ اللّهِ وَكَانُواْ عَلَيْهِ شُهَدَاء فَلاَ تَخْشَوُاْ النَّاسَ وَاخْشَوْنِ وَلاَ تَشْتَرُواْ بِآيَاتِي ثَمَنًا قَلِيلًا وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَا أَنزَلَ اللّهُ فَأُوْلَئِكَ هُمُ الْكَافِرُونَ (44)

ئێمە کاتێ کە تەوراتمان ڕەوانە کردووە ڕێنمویی تیا بوو (بۆ هەموو خێرو چاکەیەك)، وە نوورو ڕووناکیش بوو (لەناو تاریکستانەکاندا) ئەو پێغەمبەرانەی کە ملکەچ و فەرمانبەردار بوون حوکمی جولەکەیان پی دەکرد، هەروەها زانا پەروەردگار ناسەکانیان و زانا شەرع ناسەکانیشیان، ئەوەی کە لایان بوو لە کتێبی خوا دەیان پاراست و لەبەریان دەکردو پەیڕەویان دەکرد شایەتیش بوون لەسەری (کەواتە ئەی زانایانی جولەکە، ئەی ئیمانداران) لە خەڵکی مەترسن بەڵکو تەنها لە من بترسن وە ئایەتەکانی من بە نرخێکی کەم مەفرۆشن (ئەگەر هەموو دنیاش بێت هەرکەمە) جا ئەوەی حوکم و داوەری بەو بەرنامەیە نەکات کە خوا ڕەوانەی کردووە، ئەو جۆرە کەسانە لە ڕیزی کافراندان.

وَكَتَبْنَا عَلَيْهِمْ فِيهَا أَنَّ النَّفْسَ بِالنَّفْسِ وَالْعَيْنَ بِالْعَيْنِ وَالأَنفَ بِالأَنفِ وَالأُذُنَ بِالأُذُنِ وَالسِّنَّ بِالسِّنِّ وَالْجُرُوحَ قِصَاصٌ فَمَن تَصَدَّقَ بِهِ فَهُوَ كَفَّارَةٌ لَّهُ وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَا أنزَلَ اللّهُ فَأُوْلَئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ (45)

له تەورات دا بڕیارمان داوه لەسەریان كه (ئەگەر) یەكێك كەسێك بكوژێت دەبێت بكوژرێتەوه، وه چاوی یەكێك كوێر بكات، دەبێت كوێر بكرێت، وه لووتی یەكێك عەیب دار بكات دەبێت لووتی عەیبدار بكرێت، وه گوێی یەكێك ببڕێت دەبێت گوێی ببڕێت، وه دانی یەكێك بشكێنی دەبێت دانی بشكێنن، وه برین و زامەكانیش هەروەها تۆڵەیان بەگوێرەی خۆی بۆ دەسەنرێت، جا ئەوەی له تاوانبار خۆش ببێت، ئەو چاوپۆشی و لێخۆشبوونەی دەبێته كەفارەتی گوناهانی، (بێگومان) ئەوەی حوكم و داوەری نەكات بەو بەرنامەیەی كه خوا ڕەوانەی كردووه، ئا ئەوانه له ڕیزی ستەمكاراندان.

وَقَفَّيْنَا عَلَى آثَارِهِم بِعَيسَى ابْنِ مَرْيَمَ مُصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهِ مِنَ التَّوْرَاةِ وَآتَيْنَاهُ الإِنجِيلَ فِيهِ هُدًى وَنُورٌ وَمُصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهِ مِنَ التَّوْرَاةِ وَهُدًى وَمَوْعِظَةً لِّلْمُتَّقِينَ (46)

ئەوجا بەشوێن پێغەمبەرانی (نەوەی ئیسرائیل دا) عیسای كوڕی مەریەممان ڕەوانەكرد، كه ڕاستیی تەوراتی دەردەخست و پشتیوانی لێ دەكرد، وه ئینجیلیشمان پێ بەخشی كه هیدایەت و نوورو ڕووناكی تیایه، پشتگیریی تەوراتی پێش خۆیەتی، هیدایەت و ڕێنمویی و ئامۆژگارییه بۆ ئەو كەسانەی كه له خوا دەترسن و پارێزكارن.

وَلْيَحْكُمْ أَهْلُ الإِنجِيلِ بِمَا أَنزَلَ اللّهُ فِيهِ وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَا أَنزَلَ اللّهُ فَأُوْلَئِكَ هُمُ الْفَاسِقُونَ (47)

ده با شوێن كه‌وتوانی ئینجیل به‌و ڕێنمونیی و ئامۆژگاریانه هه‌ڵسوكه‌وت بكه‌ن كه خوا تیای دا ڕوونی كردۆته‌وه (كه گرنگترینیان شوێنكه‌وتنی ئاینی ئیسلام و پێغه‌مبه‌ری ئیسلامه) جا ئه‌وه‌ی حوكم و داوه‌ری نه‌كات به‌و به‌رنامه‌یه‌ی كه خوا ڕه‌وانه‌ی كردووه، ئا ئه‌وانه ناپاك و تاوانبارو گوناهكارن).

وَأَنزَلْنَا إِلَيْكَ الْكِتَابَ بِالْحَقِّ مُصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهِ مِنَ الْكِتَابِ وَمُهَيْمِنًا عَلَيْهِ فَاحْكُم بَيْنَهُم بِمَا أَنزَلَ اللّهُ وَلاَ تَتَّبِعْ أَهْوَاءهُمْ عَمَّا جَاءكَ مِنَ الْحَقِّ لِكُلٍّ جَعَلْنَا مِنكُمْ شِرْعَةً وَمِنْهَاجًا وَلَوْ شَاء اللّهُ لَجَعَلَكُمْ أُمَّةً وَاحِدَةً وَلَكِن لِّيَبْلُوَكُمْ فِي مَا آتَاكُم فَاسْتَبِقُوا الخَيْرَاتِ إِلَى الله مَرْجِعُكُمْ جَمِيعًا فَيُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمْ فِيهِ تَخْتَلِفُونَ (48)

(ئێمه) قورئانمان هاوڕێ له‌گه‌ڵ هه‌موو حه‌قیقه‌ت و ڕاستیه‌كدا بۆ تۆ دابه‌زاندووه، ڕاستیی و دروستیی كتێبه‌كانی پێش خۆیشی دیاری ده‌كات، وه نیگابانه به‌سه‌ر هه‌موویاندا (كاتێ كه خاوه‌نانی كتێب له گاورو جوو گیروگرفتیان دێنن بۆلای تۆ) به به‌رنامه‌ی خوا داوه‌ریی بكه له نێوانیاندا، وه شوێنی ئاره‌زواتی ئه‌وانه مه‌كه‌وه، له‌و حه‌قه لامه‌ده كه بۆت ڕه‌وانه كراوه، بۆ هه‌ر لایه‌كتان (موسوڵمانان و خاوه‌نانی كتێب) به‌رنامه‌و پرۆگرامی تایبه‌تمان بڕیارداوه خۆ ئه‌گه‌ر خوا بیویستایه هه‌ر هه‌مووتانی ده‌كرده ئوممه‌ت و گه‌لێكی یه‌ك پارچه، به‌ڵام (ویستی وایه) كه تاقیتان بكاته‌وه‌و (سه‌ربه‌ستان بكات تا به‌هۆی عه‌قڵ و ژیریتانه‌وه ڕێبازی ڕاست بدۆزنه‌وه) وه له به‌خششه‌كانی سوود وه‌رگرن، ده‌ی كه‌واته زۆر به په‌له و تاڵوكه بن و پێشبڕكێ بكه‌ن بۆ هه‌موو خێرو

چاکەیەك، دڵنیاش بن کە هەمووتان دەگەڕێنەوە بۆ لای خوا، ئەو کاتە هەواڵی تەواوتان دەداتێ دەربارەی ئەو شتانەی کە کێشەتان لەسەری هەبوو.

وَأَنِ احْكُم بَيْنَهُم بِمَآ أَنزَلَ اللّهُ وَلاَ تَتَّبِعْ أَهْوَاءهُمْ وَاحْذَرْهُمْ أَن يَفْتِنُوكَ عَن بَعْضِ مَا أَنزَلَ اللّهُ إِلَيْكَ فَإِن تَوَلَّوْاْ فَاعْلَمْ أَنَّمَا يُرِيدُ اللّهُ أَن يُصِيبَهُم بِبَعْضِ ذُنُوبِهِمْ وَإِنَّ كَثِيرًا مِّنَ النَّاسِ لَفَاسِقُونَ (49)

(کاتێ کە هەندێك لە زاناکانی جوو، هاتن بۆلات تا داوەریی بکەی لە نێوانیاندا)، داوەری بکە بەو بەرنامەیەی کە لە لایەن خواوە بۆت ڕەوانە کراوە، شوێنی ئارەزواتی ئەوان مەکەوە، وریایان بە نەوەکو ڕێت لێ هەڵە بکەن لە هەندێك لەو ڕێنموونییانەی کە خوا بۆی ناردووی (جا ئەگەر ئەو جولەکانە ڕازیی نەبوون و) پشتیان تێ هەڵکرد، ئەوە دیارە خوا دەیەوێت گیرۆدەی سەرئەنجامی هەندێك لە گوناهەکانی خۆیانیان بکات، بێگومان زۆربەی خەڵکی یاخیی و سەرکەش و تاوانبارن.

أَفَحُكْمَ الْجَاهِلِيَّةِ يَبْغُونَ وَمَنْ أَحْسَنُ مِنَ اللّهِ حُكْمًا لِّقَوْمٍ يُوقِنُونَ (50)

ئایا ئەوانە حوکم و فەرمانڕەوایی جاهیلیەت و نەفامی یان دەوێت و ئەویان لاپەسەندە؟! (ئاخر بۆ بیرناکەنەوە) کێ هەیە بەقەدەر خوا حوکمی جوان و چاك و بەجێ بێت، (بەتایبەتی) لای ئەو کەسانەی کە بەوردیی سەرنج دەدەن و ویژدان و هەستی زیندوویان هەیە.

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ لاَ تَتَّخِذُواْ الْيَهُودَ وَالنَّصَارَى أَوْلِيَاء بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاء بَعْضٍ وَمَن يَتَوَلَّهُم مِّنكُمْ فَإِنَّهُ مِنْهُمْ إِنَّ اللّهَ لاَ يَهْدِي الْقَوْمَ الظَّالِمِينَ (51)

ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە جولەکەو گاور مەکەنە یارو یاوەرو پشتیوانی خۆتان ئەوانە هەندێکیان پشتیوان و پشتگیری یەکترن، ئەو کەسەی پشت بەوان ببەستێت ئەوە هەر لەوانەو (حسابی ئەوانی بۆ دەکرێت) بەڕاستی خوا هیدایەتی قەومی ستەمکار نادات.

فَتَرَى الَّذِينَ فِي قُلُوبِهِم مَّرَضٌ يُسَارِعُونَ فِيهِمْ يَقُولُونَ نَخْشَى أَن تُصِيبَنَا دَآئِرَةٌ فَعَسَى اللّهُ أَن يَأْتِيَ بِالْفَتْحِ أَوْ أَمْرٍ مِّنْ عِندِهِ فَيُصْبِحُواْ عَلَى مَا أَسَرُّواْ فِي أَنْفُسِهِمْ نَادِمِينَ (52)

بە ڕوونی دەبینی ئەوانەی دڵیان نەخۆشەو (ئیمان لاوازن) بە پەلە دەچن بۆ لایان و دەڵێن: دەترسین تووشی بەڵایەك بین یا كارەساتێك بێت بەسەرمان دا، جا دوور نیەو لەوانەیە بەم نزیکانە خوا سەرکەوتن ببەخشێت (بە ئیمانداران) یاخود بە شێوەیەکی یەکسەریی بە (معجزة)یەك لەلایەن خۆیەوە (سەرکەوتنیان پێ ببەخشێت) ئەو کاتە باوەڕ لاوازان پەشیمان دەبنەوە لەو نهێنی و خەتەرە و خەیاڵەی لە دڵ و دەروونیان دا شاراوەبوو.

وَيَقُولُ الَّذِينَ آمَنُواْ أَهَؤُلاء الَّذِينَ أَقْسَمُواْ بِاللّهِ جَهْدَ أَيْمَانِهِمْ إِنَّهُمْ لَمَعَكُمْ حَبِطَتْ أَعْمَالُهُمْ فَأَصْبَحُواْ خَاسِرِينَ (53)

ئەوسا ئەوانەی ئیمانیان هێناوە (بە گاورو جوو) دەڵێن: ئەوە دووڕووەکانن کە سوێندیان بۆ دەخواردن کە بێ دوودڵیی لەگەڵتاندان. (کەچی ئێستە ئەوەتە) ڕەنج بەخەسارن، مایە پووچن، زەرەرمەند و خەسارمەندن (نە فریای خۆیان کەوتن، نە ئێوە).

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ مَن يَرْتَدَّ مِنكُمْ عَن دِينِهِ فَسَوْفَ يَأْتِي اللّهُ بِقَوْمٍ يُحِبُّهُمْ وَيُحِبُّونَهُ أَذِلَّةٍ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ أَعِزَّةٍ عَلَى الْكَافِرِينَ يُجَاهِدُونَ فِي سَبِيلِ اللّهِ وَلاَ يَخَافُونَ لَوْمَةَ لآئِمٍ ذَلِكَ فَضْلُ اللّهِ يُؤْتِيهِ مَن يَشَاءُ وَاللّهُ وَاسِعٌ عَلِيمٌ (54)

ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە، هەرکەس لە ئێوە لە ئاین و بەرنامەکەی وەرگەڕێ و پاشگەز بێتەوە، ئەوە (هەرخۆی زەرەر دەکات) چونکە لە ئایندەدا خوا کەسانێك دێنێتەکایەوە (ئەوەندە ڕێك و پێك و باوەڕ دامەزراون) پەروەردگاری مەزن خۆشی دەوێن، ئەوانیش ئەویان خۆش دەوێت، ئەوجا ملکەچ و فەرمانبەردار و بەسۆزن بۆ ئیمانداران، وە سەربڵندو شکست نەخۆر و دەروون بەرزن بەسەر کافران دا لە پێناوی خوادا، وە بۆ بەدەست هێنانی ڕەزامەندی ئەو هەوڵ دەدەن و تێ دەکۆشن، لە لۆمەی لۆمەکەرانیش ناترسن (ئەم خۆشەویستی و هەڵبژاردن و سۆزو تێکۆشانە) فەزڵ و ڕێزی تایبەتی خوایە کە دەیبەخشێت بە هەر کەس کە بیەوێت و (شایستە بێت) وە خوا فراوانگیرو زانایە (بە نهێنی و ئاشکرا، بە شایستەیی و ناشایستەیی هەر کەس و لایەنێك).

إِنَّمَا وَلِيُّكُمُ اللّهُ وَرَسُولُهُ وَالَّذِينَ آمَنُواْ الَّذِينَ يُقِيمُونَ الصَّلاَةَ وَيُؤْتُونَ الزَّكَاةَ وَهُمْ رَاكِعُونَ (55)

بەڕاستی تەنها خوا و پێغەمبەرەکەی و ئەوانەی کە باوەڕیان هێناوە، پشتیوانی ئێوەن، ئەوانەی کە نوێژەکانیان بە چاکیی ئەنجام دەدەن و زەکات لە ماڵ و سامانیان دەردەکەن، وە هەمیشە دیاردەی کڕنوش و (ملکەچیان بۆ پەروەردگار پێوە دیارە).

وَمَن يَتَوَلَّ اللّهَ وَرَسُولَهُ وَالَّذِينَ آمَنُواْ فَإِنَّ حِزْبَ اللّهِ هُمُ الْغَالِبُونَ (56)

جا ئەوەی پشت ببەستێت بە خوا و پەیڕەوی لە پێغەمبەرەکی بکات و هاوکاری ئیمانداران بکات (لە هەموو خێرو چاکەیەکدا) ئەوە با دڵنیابێت کە هەر کۆمەڵ و دەستەو تاقمی خوا، سەرکەوتوو سەرفەرازن.

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ لاَ تَتَّخِذُواْ الَّذِينَ اتَّخَذُواْ دِينَكُمْ هُزُوًا وَلَعِبًا مِّنَ الَّذِينَ أُوتُواْ الْكِتَابَ مِن قَبْلِكُمْ وَالْكُفَّارَ أَوْلِيَاء وَاتَّقُواْ اللّهَ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ (57)

ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە نەکەن ئەوانە بکەنە پشتیوان و جێگەی متمانەی خۆتان کە گاڵتەو گەمە بە ئاینەکەتان دەکەن، چ لە خاوەنانی کتێبی پێش خۆتان چ لە بێ باوەڕان، لە خوا بترسن و پارێزکار بن ئەگەر ئێوە ئیمان و باوەڕتان هێناوە.

وَإِذَا نَادَيْتُمْ إِلَى الصَّلاَةِ اتَّخَذُوهَا هُزُوًا وَلَعِبًا ذَلِكَ بِأَنَّهُمْ قَوْمٌ لاَّ يَعْقِلُونَ (58)

هەر کاتێك کە بانگ دەدەن بۆ نوێژ دەیکەنە گەمە و گاڵە، چونکە ئەوانە کەسانێکن کە عەقڵ و ژیری خۆیانیان لە دەست داوە.

قُلْ يَا أَهْلَ الْكِتَابِ هَلْ تَنقِمُونَ مِنَّا إِلاَّ أَنْ آمَنَّا بِاللّهِ وَمَا أُنزِلَ إِلَيْنَا وَمَا أُنزِلَ مِن قَبْلُ وَأَنَّ أَكْثَرَكُمْ فَاسِقُونَ (59)

(پێیان) بڵێ: ئەی خاوەنانی کتێب (لە جوولەکە) بۆیە ڕقتان لە ئێمەیە چونکە باوەڕمان هێناوە بە خوا، وە بەو (قورئانەی) کە بۆمان هاتووە، وە بەو (تەوراتەی) کە پێشتر بۆ ئێوە ڕەوانە کراوە؟ وە (ئێمە دڵنیاین) کە زۆربەتان یاخی و سەرەڕۆو تاوانبارن.

قُلْ هَلْ أُنَبِّئُكُم بِشَرٍّ مِّن ذَلِكَ مَثُوبَةً عِندَ اللّهِ مَن لَّعَنَهُ اللّهُ وَغَضِبَ عَلَيْهِ وَجَعَلَ مِنْهُمُ الْقِرَدَةَ وَالْخَنَازِيرَ وَعَبَدَ الطَّاغُوتَ أُوْلَئِكَ شَرٌّ مَّكَانًا وَأَضَلُّ عَن سَوَاء السَّبِيلِ (60)

(پێیان) بڵێ: ئایا هەواڵی لەوە خراپترتان بدەینێ کە کێ زەرەرمەندو پاداشتی سامناکی بۆ خۆی مسۆگەر کردووە؟! (لە ڕاستیدا هەر ئەو جۆرە کەسانەن کە) خوا نەفرینی لێ کردوون و ڕقی لێ هەڵگرتوون، (هەندێک جاریش) کردونی بە مەیمون و بەراز، وە بە بەندەی هەموو شتێکی ناشایستە، ئا ئەوانە جێگەو ڕێگەیان زۆر ناسازو ناخۆشە، زۆر گومڕاو لادەرن لە ڕاستەڕێ و لە ڕێبازی دروست.

وَإِذَا جَآؤُوكُمْ قَالُوَاْ آمَنَّا وَقَد دَّخَلُواْ بِالْكُفْرِ وَهُمْ قَدْ خَرَجُواْ بِهِ وَاللّهُ أَعْلَمُ بِمَا كَانُواْ يَكْتُمُونَ (61)

ئەوانە کاتێ کە دێن بۆلاتان (بەدرۆوە دەڵێن) ئێمەش موسوڵمانین و باوەڕمان هەیە، لە کاتێکدا کە ئەوانە لە بێ باوەڕیدا ڕۆچوون، (بە پێچەوانەی ئیماندارانەوە) کە ڕزگاربوون لە بێ باوەڕیی وە خوا خۆی چاك دەزانێت کە چییان حەشارداوە لەدڵ و دەروونیاندا.

وَتَرَى كَثِيرًا مِّنْهُمْ يُسَارِعُونَ فِي الإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ وَأَكْلِهِمُ السُّحْتَ لَبِئْسَ مَا كَانُواْ يَعْمَلُونَ (62)

زۆرێك لەو جولەکانە دەبینی کە زۆر بەپەلەو بە هەڵپەن بۆ ئەنجام دانی گوناهو دەست درێژی کردنی ناحەق و خواردنی حەرام، دیارە کە چەندە کارو کردەوەیان خراپ و نادروستە.

لَوْلاَ يَنْهَاهُمُ الرَّبَّانِيُّونَ وَالأَحْبَارُ عَن قَوْلِهِمُ الإِثْمَ وَأَكْلِهِمُ السُّحْتَ لَبِئْسَ مَا كَانُواْ يَصْنَعُونَ (63)

ئایا ئەوە بۆ خواناس و زاناکانیان قەدەغەی وتنی گوفتاری گوناهو هەڵەیان لێ ناکەن؟ بۆ قەدەغەی حەرام خۆری یان لێ ناکەن؟ بەڕاستی ئەو کردەوەو هەڵس و کەوتەی کە دەیکەن زۆر نادروست و خراپە.

وَقَالَتِ الْيَهُودُ يَدُ اللّهِ مَغْلُولَةٌ غُلَّتْ أَيْدِيهِمْ وَلُعِنُواْ بِمَا قَالُواْ بَلْ يَدَاهُ مَبْسُوطَتَانِ يُنفِقُ كَيْفَ يَشَاءُ وَلَيَزِيدَنَّ كَثِيرًا مِّنْهُم مَّا أُنزِلَ إِلَيْكَ مِن رَّبِّكَ طُغْيَانًا وَكُفْرًا وَأَلْقَيْنَا بَيْنَهُمُ الْعَدَاوَةَ وَالْبَغْضَاء إِلَى يَوْمِ الْقِيَامَةِ كُلَّمَا أَوْقَدُواْ

نَارًا لِّلْحَرْبِ أَطْفَأَهَا اللّهُ وَيَسْعَوْنَ فِي الأَرْضِ فَسَادًا وَاللّهُ لاَ يُحِبُّ الْمُفْسِدِينَ (64)

جولەکەی (نەفام و خوانەناس) دەڵێن: خوا دەستی بەستراوە!! دەستیان کەلەپچە بێت و تووشی شەلەل بێت و نەفرینیان لێ بێت بۆ خۆیان و قسەیان (نەخێر، وانیە) بەڵکو دوو دەستەی (پڕ لە بەرەکەتی پەروەردگار) هەمیشەو بەردەوام کراوەیە، وە چۆنی بوێت دەیبەخشێت زۆربەیان بەهۆی ئەم قورئانەی کە لەلایەن پەروەردگارتەوە بۆت ڕەوانەکراوە زیاتر ڕۆدەچن لە ستەم و کوفردا (پیلان دەگێڕن دژی ئیمانداران) ئێمەش هەتا ڕۆژی قیامەت دوژمنایەتی و ڕق و کینەمان لە نێوانیاندا بەرپا کردووە، هەرکاتێ دەیانەوێت جەنگ بەرپا بکەن و ئاگری شەڕ هەڵگیرسێنن خوا دەیکوژێنێتەوە و نایەڵێ تەشەنە بکات، ئەوانە زۆر بە پەلەو بە گەرمیی هەوڵی بڵاوبوونەوەی فەسادو تاوان دەدەن لە زەویدا بێگومان خوا تاوانبار و تاوانکارانی خۆش ناوێت.

وَلَوْ أَنَّ أَهْلَ الْكِتَابِ آمَنُواْ وَاتَّقَوْاْ لَكَفَّرْنَا عَنْهُمْ سَيِّئَاتِهِمْ وَلأدْخَلْنَاهُمْ جَنَّاتِ النَّعِيمِ (65)

خۆ ئەگەر خاوەنانی کتێب ئیمان و باوەڕ بێنن و پارێزکار بن، بێگومان لە گوناهەکانیان خۆش دەبین، وە دەیانخەینە ناو بەهەشتی پڕ لە نازو نیعمەتەوە.

وَلَوْ أَنَّهُمْ أَقَامُواْ التَّوْرَاةَ وَالإِنجِيلَ وَمَا أُنزِلَ إِلَيهِم مِّن رَّبِّهِمْ لأكَلُواْ مِن فَوْقِهِمْ وَمِن تَحْتِ أَرْجُلِهِم مِّنْهُمْ أُمَّةٌ مُّقْتَصِدَةٌ وَكَثِيرٌ مِّنْهُمْ سَاء مَا يَعْمَلُونَ (66)

خۆ ئەگەر پەیڕەوی تەورات و ئینجیلی (دەستکاری نەکراو) بکەن (کە مژدەی زۆری تیایە دەربارەی ئیسلام و محمد صلی الله علیه وسلم) وە پەیڕەوی ئەو قورئانە بکەن کە لەلایەن پەروەردگاریانەوە بۆیان ڕەوانە کراوە (بەرەکەتی ئاسمان و زەوی یان بۆ دەبارێنین، بەروبوومی درەختەکان زۆرو زەبەندە دەکەین، وە بەرەکەت دەخەینە جیهانی دانەوێڵەو سەوزەو خۆراکەکانی ترەوە، ئەو کاتە خۆراك) دەخۆن بەڕاسەریانەوە، لەبەر پێیانەوە. دەستەیەك لەوانە کەسانێکی ژیرو دادپەروەرو بەویژدانن بەڵام زۆربەیان کارو کردەوەو ڕەفتاریان زۆر نا دروست و نابەجێ یە.

يَا أَيُّهَا الرَّسُولُ بَلِّغْ مَا أُنزِلَ إِلَيْكَ مِن رَّبِّكَ وَإِن لَّمْ تَفْعَلْ فَمَا بَلَّغْتَ رِسَالَتَهُ وَاللّهُ يَعْصِمُكَ مِنَ النَّاسِ إِنَّ اللّهَ لاَ يَهْدِي الْقَوْمَ الْكَافِرِينَ (67)

ئەی پێغەمبەرو فرستادە، هەرچی فەرمان و پەیامێکت بۆ دێت لەلایەن پەروەردگارتەوە (بێ دوودڵی، بێ ماتڵی) ڕای بگەیەنە، خۆ ئەگەر بەو کارە هەڵنەسایت، ئەوە مانای وایە پەیامەکەیت (بەتەواویی) نەگەیاندووە (دڵنیاش بە کە) خوا دەتپارێزێت لە شەڕو خراپەی خەڵکی، چونکە بەڕاستی خوا هیدایەت و ڕێنمویی قەوم و هۆزی بێ باوەڕان نادات.

قُلْ يَا أَهْلَ الْكِتَابِ لَسْتُمْ عَلَى شَيْءٍ حَتَّىَ تُقِيمُواْ التَّوْرَاةَ وَالإِنجِيلَ وَمَا أُنزِلَ إِلَيْكُم مِّن رَّبِّكُمْ وَلَيَزِيدَنَّ كَثِيرًا مِّنْهُم مَّا أُنزِلَ إِلَيْكَ مِن رَّبِّكَ طُغْيَانًا وَكُفْرًا فَلاَ تَأْسَ عَلَى الْقَوْمِ الْكَافِرِينَ (68)

(ئەی محمد صلی الله علیه وسلم) بڵێ: ئەی خاوەنانی کتێب، ئێوە لەسەر هیچ بەرنامەو پەیڕەوو پڕۆگرامێك نین، هەتا بەچاکیی تەورات و ئینجیل و ئەوەی (لەم دوایی یەدا، کە قورئانە) لەلایەن پەروەردگارتانەوە بۆتان ڕەوانە کراوە نەکەن. (کەچی لەجیاتی گوێرایەڵی و ملکەچیی) زۆربەیان هەوڵ دەدەن شت هەڵبەستن بۆ ئەو قورئانەی کە بۆمان ڕەوانەکردوویت، (ئەو هەموو خورافات و ئیسرائیلیاتەی کە لە هەندێ تەفسیرە کۆنەکاندا هەیە ئاماژەیە بۆ ئەو کارەیان، مەبەستیشیان) لادان و سەر لێشێوانی خەڵکی یە (جا ئیتر کە ئاوایە) خەفەت و پەژارەت دات نەگرێت بۆ قەومی کافران، کاتێ کە باوەڕ ناهێنن، وە کاتێ کە تۆڵەیان لێ دەکەینەوە لە دنیادا پێش قیامەت.

إِنَّ الَّذِينَ آمَنُواْ وَالَّذِينَ هَادُواْ وَالصَّابِؤُونَ وَالنَّصَارَى مَنْ آمَنَ بِاللّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ وعَمِلَ صَالِحًا فَلاَ خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلاَ هُمْ يَحْزَنُونَ (69)

بەڕاستی ئەوانەی کە ئیمان و باوەڕیان هێناوە (لە ئوممەتی محمد صلی الله علیه وسلم) وە ئەوانەی کە جولەکەن، وە ئەوانەی کە صابئەن (فریشتە پەرست و ئەستێرە پەرستن) وە گاورەکان، هەریەك لەو دەستەو تاقمانە ئەگەر باوەڕی دامەزراو بە خوا و بەڕۆژی دوایی بێنێت، وە کارو کردەوەی چاك و دروست و بەسوود ئەنجام بدات، ئەوانە نە ترس و بیم یەخەیان پێ دەگرێت، نە خەم و پەژارە ڕوویان تێ دەکات (کاتێك کە لەبەر ڕۆشنایی قورئانەوە ئەو باوەڕە دەهێنن).

لَقَدْ أَخَذْنَا مِيثَاقَ بَنِي إِسْرَائِيلَ وَأَرْسَلْنَا إِلَيْهِمْ رُسُلًا كُلَّمَا جَاءهُمْ رَسُولٌ بِمَا لاَ تَهْوَى أَنْفُسُهُمْ فَرِيقًا كَذَّبُواْ وَفَرِيقًا يَقْتُلُونَ (70)

بێگومان ئێمە پەیمانمان لە نەوەی ئیسرائیل وەرگرتووە (کە لە ڕێبازی یەکتاناسیی و چاکەکاریی لانەدەن) وە دەستەیەك پێغەمبەریشمان بۆ ڕەوانە کردوون، هەرکاتێ یەکێك لەو پێغەمبەرانەیان بەدڵ نەبوبێت (بەهۆی لاساریی و دەروون ئاڵۆزیی خۆیانەوە یاخود بە ئارەزووی ئەوانی نەکردبێت) دەستەیەکیان بەدرۆیان خستۆتەوە، دەستەیەکی تریشیان جەنگاون دژی و (شەهیدیان کردوون).

وَحَسِبُواْ أَلاَّ تَكُونَ فِتْنَةٌ فَعَمُواْ وَصَمُّواْ ثُمَّ تَابَ اللّهُ عَلَيْهِمْ ثُمَّ عَمُواْ وَصَمُّواْ كَثِيرٌ مِّنْهُمْ وَاللّهُ بَصِيرٌ بِمَا يَعْمَلُونَ (71)

(لەولاشەوە چونکە خۆیان بە خۆشەویستی خوا دەزانی) وایان دەزانی کە توشی بەڵاو ناخۆشی نابن (لە سەرئەنجامی لادان و یاخی بوونیان) بۆیە کوێراییان بەسەر خۆیاندا هێنا لە ئاستی حەق و ڕاستی دا، وە گوێی خۆیان کەڕکرد لە ئاستی دادپەروەری دا (دوایی کە زانیان زەرەریانە) تەوبەیان کرد، خوایش چاوپۆشی لێ کردن، لەوەودوا (تێهەڵچوونەوە لە تاوان و لایان دا دووبارە) وە زۆربەیان کوێراییان بەسەر خۆیاندا هێنایەوەو گوێی خۆیان کەڕ کرد لە ئاستی حەق و ڕاستی دا، خوای گەورەش بینایە بە هەموو ئەو کارانەی کە ئەنجامی دەدەن و (بەسەریان دا تێ ناپەڕێت).

لَقَدْ كَفَرَ الَّذِينَ قَالُواْ إِنَّ اللّهَ هُوَ الْمَسِيحُ ابْنُ مَرْيَمَ وَقَالَ الْمَسِيحُ يَا بَنِي إِسْرَائِيلَ اعْبُدُواْ اللّهَ رَبِّي وَرَبَّكُمْ إِنَّهُ مَن يُشْرِكْ بِاللّهِ فَقَدْ حَرَّمَ اللّهُ عَلَيهِ الْجَنَّةَ وَمَأْوَاهُ النَّارُ وَمَا لِلظَّالِمِينَ مِنْ أَنصَارٍ (72)

بێگومان ئەوانە بێ باوەڕن دەڵێن خوا هەر مەسیحی کوڕی مەریەمە (بە مەرجێك) مەسیح وتوویەتی: ئەی نەوەی ئیسرائیل ئەو خوایە بپەرستن کە پەروەردگاری منیش و ئێوەشە، وە دڵنیا بن کە ئەوەی شەریك و هاوبەش بۆ خوا بڕیار بدات ئەوە خوا بەهەشتی لەسەر حەرامکردووەو شوێن و جێگای ئەو دۆزەخە، ئەوسا ئەو ستەمکارانە هیچ جۆرە پشتیوانێکیان نیە.

لَّقَدْ كَفَرَ الَّذِينَ قَالُواْ إِنَّ اللّهَ ثَالِثُ ثَلاَثَةٍ وَمَا مِنْ إِلَـهٍ إِلاَّ إِلَـهٌ وَاحِدٌ وَإِن لَّمْ يَنتَهُواْ عَمَّا يَقُولُونَ لَيَمَسَّنَّ الَّذِينَ كَفَرُواْ مِنْهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ (73)

بێگومان ئەوانەش بێ باوەڕن کە دەڵێن: خوا یەکێکە لە سێ دانە خوا (لە حاڵێکدا کە): هیچ خوایەك، هیچ پەروەردگارێك نیە جگە لە خوایەکی تاك و تەنها، خۆ ئەگەر لەو گوفتارە بێ جێ یەیان کۆڵ نەدەن، بەراستی ئەوانەیان کە بێ باوەڕن تووشی سزایەکی بە ئێش دەبن.

أَفَلاَ يَتُوبُونَ إِلَى اللّهِ وَيَسْتَغْفِرُونَهُ وَاللّهُ غَفُورٌ رَّحِيمٌ (74)

ئایا (خاوەن ئەو بیروبڕوا پووچانە) حەق نیە تەوبە بکەن و داوای لێخۆش بوون لە پەروەردگار بکەن (لە کاتێکدا کە) خوا لێخۆش بووەو میهرەبانیشە.

مَّا الْمَسِيحُ ابْنُ مَرْيَمَ إِلاَّ رَسُولٌ قَدْ خَلَتْ مِن قَبْلِهِ الرُّسُلُ وَأُمُّهُ صِدِّيقَةٌ كَانَا يَأْكُلاَنِ الطَّعَامَ انظُرْ كَيْفَ نُبَيِّنُ لَهُمُ الآيَاتِ ثُمَّ انظُرْ أَنَّى يُؤْفَكُونَ (75)

مەسیحی کوڕی مەریەم تەنها بریتیە لە پێغەمبەرێك کە پێش ئەو پێغەمبەری تریش هەبووە دایکیشی ئافرەتێکی ڕاست و ڕاسگۆیە، هەردووکیان خواردنیان دەخوارد (وەکو هەموو ئینسانێك) سەیر بکەو سەرنج بدە (ئەی محمد صلی الله علیه وسلم، ئەی ئیماندار) چۆن هەموو شتێکتان بە بەڵگە بۆ ڕوون دەکەینەوە، لەوەودوا تەماشاکە چۆن بوختان دەکەن و شتی نابەجێ هەڵدەبەستن.

قُلْ أَتَعْبُدُونَ مِن دُونِ اللّهِ مَا لاَ يَمْلِكُ لَكُمْ ضَرًّا وَلاَ نَفْعًا وَاللّهُ هُوَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ (76)

پێیان بڵێ: ئایا (ئەوە ڕاستە) لەجیاتی خوا شتێك دەپەرستن کە نە زەرەرتانی بەدەستە نە قازانج، (بەڵکو) هەر خوا هەرخۆی بیسەرو زانایە (ئەو شتانەی ئێوە بەدەوری دا دێن هیچیان لەدەست نایەت).

قُلْ يَا أَهْلَ الْكِتَابِ لاَ تَغْلُواْ فِي دِينِكُمْ غَيْرَ الْحَقِّ وَلاَ تَتَّبِعُواْ أَهْوَاء قَوْمٍ قَدْ ضَلُّواْ مِن قَبْلُ وَأَضَلُّواْ كَثِيرًا وَضَلُّواْ عَن سَوَاء السَّبِيلِ (77)

هەروەها بڵێ: ئەی خاوەنانی کتێب زیادەڕەوی مەکەن لە ئاینەکەتاندا و لە سنوری حەق و ڕاستی دەرمەچن، شوێنی ئارەزووی ئەو کەسانە مەکەون کە هەر زوو گومڕابوون، وە زۆر کەسیشیان گومڕاکرد لە ڕێگەو ڕێبازی ڕاست لایان دا.

لُعِنَ الَّذِينَ كَفَرُواْ مِن بَنِي إِسْرَائِيلَ عَلَى لِسَانِ دَاوُودَ وَعِيسَى ابْنِ مَرْيَمَ ذَلِكَ بِمَا عَصَوا وَّكَانُواْ يَعْتَدُونَ (78)

نەفرین کراوە لەوانەی کە کافربوون لە نەوەی ئیسرائیل لەسەر زمانی داوود و عیسای کوڕی مەریەم ئەمەش لەبەر ئەوەی کە ئەوانە یاخی و سەرکەشن و دەستدرێژی دەکەن.

كَانُواْ لاَ يَتَنَاهَوْنَ عَن مُّنكَرٍ فَعَلُوهُ لَبِئْسَ مَا كَانُواْ يَفْعَلُونَ (79)

ئەوانە قەدەغەی خراپەو تاوانیان نەدەکرد، لە نێوان یەکتردا کاتێك کە ئەنجامیان دەدا، ئای کە چەندە کاروکردەوەی خراپیان دەکرد.

تَرَى كَثِيرًا مِّنْهُمْ يَتَوَلَّوْنَ الَّذِينَ كَفَرُواْ لَبِئْسَ مَا قَدَّمَتْ لَهُمْ أَنفُسُهُمْ أَن سَخِطَ اللّهُ عَلَيْهِمْ وَفِي الْعَذَابِ هُمْ خَالِدُونَ (80)

زۆربەیان دەبینی پشت دەبەستن بەوانەی کە بێ باوەڕن (بێگومان ئەوانە) دەست پێشکەرییەکی خراپیان ئەنجام داوە و خۆیان شایستەی خەشم و قینی خوا کردووە، (لە قیامەتدا) لەناو سزای دۆزەخدا دەبێت بۆ هەمیشە بمێننەوە.

وَلَوْ كَانُوا يُؤْمِنُونَ بِالله والنَّبِيِّ وَمَا أُنزِلَ إِلَيْهِ مَا اتَّخَذُوهُمْ أَوْلِيَاء وَلَكِنَّ كَثِيرًا مِّنْهُمْ فَاسِقُونَ (81)

(لە ڕاستی دا) ئەو جولەکانە باوەڕیان بە خواو بە پێغەمبەرو ئەو قورئانە ببوایە کە بۆی ڕەوانە کراوە، پاڵیان نەدەدا بە بێ باوەڕانەوە، پشتیان بەوان نەدەبەست بەڵام زۆربەیان تاوانبارو لادەرو یاخین و (حەق و ڕاستی مەبەستیان نیە).

لَتَجِدَنَّ أَشَدَّ النَّاسِ عَدَاوَةً لِّلَّذِينَ آمَنُواْ الْيَهُودَ وَالَّذِينَ أَشْرَكُواْ وَلَتَجِدَنَّ أَقْرَبَهُمْ مَّوَدَّةً لِّلَّذِينَ آمَنُواْ الَّذِينَ قَالُوَاْ إِنَّا نَصَارَى ذَلِكَ بِأَنَّ مِنْهُمْ قِسِّيسِينَ وَرُهْبَانًا وَأَنَّهُمْ لاَ يَسْتَكْبِرُونَ (82)

دەبینی لە هەموو خەڵکی زیاتر، لە هەموو دوژمنان زیاتر هۆزی جولەکە سەرسەختانە دوژمنایەتی ئیمانداران دەکەن، هەروەها ئەوانەش کە موشریك و هاوەڵپەرستن (دوژمنایەتی ئیمانداران دەکەن)، دەبینی کە سۆزیان هەیە بۆ ئیمانداران ئەوانەن کە دەڵێن: ئێمە نەصرانین چونکە قەشەیان هەیە و خواپەرستیان تیایەو فیزاوی نین و خۆ بە گەورە دانانێن.

وَإِذَا سَمِعُواْ مَا أُنزِلَ إِلَى الرَّسُولِ تَرَى أَعْيُنَهُمْ تَفِيضُ مِنَ الدَّمْعِ مِمَّا عَرَفُواْ مِنَ الْحَقِّ يَقُولُونَ رَبَّنَا آمَنَّا فَاكْتُبْنَا مَعَ الشَّاهِدِينَ (83)

(ئەوانەیان کە بە شوێن ڕاستیدا دەگەڕێن) هەرکاتێك گوێیان لەو قورئانە دەبێت کە بۆ پێغەمبەر ڕەوانە کردوە چاوەکانیان پڕ دەبێت لە ئەسرین، چونکە چاك تێدەگەن و حەق و ڕاستی دەناسن و دەڵێن: پەروەردگارا ئێمە ئیمان و باوەڕمان هێناوە (بە ئاینی ئیسلام) داواکارین لە ڕیزی (پەیڕەوان) و شایەتەکاندا تۆمارمان بکەیت.

وَمَا لَنَا لاَ نُؤْمِنُ بِاللّهِ وَمَا جَاءنَا مِنَ الْحَقِّ وَنَطْمَعُ أَن يُدْخِلَنَا رَبَّنَا مَعَ الْقَوْمِ الصَّالِحِينَ (84)

بۆچی ئێمە باوەڕی دامەزراومان نەبێت بەخوا، وە بەو حەق و ڕاستیەی کەبۆمان هاتووە، بۆچی بەهیوا نەبین کە پەروەردگارمان بمانخاتە ڕیزی چاکان و بەختەوەرانەوە.

فَأَثَابَهُمُ اللّهُ بِمَا قَالُواْ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا وَذَلِكَ جَزَاء الْمُحْسِنِينَ (85)

جا لەسەر ئەو گوفتارە بەجێیەیان خوای گەورە پاداشتیان دەداتەوە بەوەی کە باخ و باخاتی بەهەشتیان پێ دەبەخشێت کە جۆبارو ڕووبار بەژێر درەختەکانیدا دەڕوات، هاوڕێ لەگەڵ ژیانی هەمیشەیی و نەبڕاوەدا، جا هەر بەو شێوەیە پاداشتی چاکەکاران دەدرێتەوە.

وَالَّذِينَ كَفَرُواْ وَكَذَّبُواْ بِآيَاتِنَا أُوْلَئِكَ أَصْحَابُ الْجَحِيمِ (86)

ئەوانەش باوەڕیان نیە بە ئایەتەکانی ئێمەو بەدرۆی دەخەنەوە، ئەوانە نیشتەجێی ناو دەزەخن.

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ لاَ تُحَرِّمُواْ طَيِّبَاتِ مَا أَحَلَّ اللّهُ لَكُمْ وَلاَ تَعْتَدُواْ إِنَّ اللّهَ لاَ يُحِبُّ الْمُعْتَدِينَ (87)

ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان هێناوە، ئەو نازو نیعمەتە چاکانەی کە خوا بۆی حەڵاڵ کردوون لە خۆتانی حەرام مەکەن، وە لە سنوور دەرمەچن و دەستدرێژی مەکەن، چونکە بەڕاستی خوا دەستدرێژکارانی خۆش ناوێت.

وَكُلُواْ مِمَّا رَزَقَكُمُ اللّهُ حَلاَلًا طَيِّبًا وَاتَّقُواْ اللّهَ الَّذِيَ أَنتُم بِهِ مُؤْمِنُونَ (88)

وە لەو ڕزق و ڕۆزییە پاکانە بخۆن کە خوو پێی بەخشیون و بۆی حەڵاڵ کردوون، لەو خوایە بترسن کە ئێوە باوەڕی دامەزراوتان پێی هەیە.

لاَ يُؤَاخِذُكُمُ اللّهُ بِاللَّغْوِ فِي أَيْمَانِكُمْ وَلَكِن يُؤَاخِذُكُم بِمَا عَقَّدتُّمُ الأَيْمَانَ فَكَفَّارَتُهُ إِطْعَامُ عَشَرَةِ مَسَاكِينَ مِنْ أَوْسَطِ مَا تُطْعِمُونَ أَهْلِيكُمْ أَوْ كِسْوَتُهُمْ أَوْ تَحْرِيرُ رَقَبَةٍ فَمَن لَّمْ يَجِدْ فَصِيَامُ ثَلاَثَةِ أَيَّامٍ ذَلِكَ كَفَّارَةُ أَيْمَانِكُمْ إِذَا حَلَفْتُمْ وَاحْفَظُواْ أَيْمَانَكُمْ كَذَلِكَ يُبَيِّنُ اللّهُ لَكُمْ آيَاتِهِ لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ (89)

خوا لێتان ناگرێت کاتێ کە بەسادەیی سوێند بە دەمتا دێت و (لەسەری ڕاهاتوون) بەڵکو لەو سوێندانەتان دەپرسێتەوە کە بیرو هۆشتان لای هەبووەو بۆ مەبەستێك وتووتانە، کەفارەتی ئەو جۆرە سوێندانە نان و خۆراکدانە بە دە هەژار بەشێوەیەکی مامناوەندی کە بۆ خاوو خێزانتان سەرفی دەکەن یاخود پۆشتە کردنەوەیان (ئەگەر سوێند خۆرەکە دەوڵەمەند بوو) یاخود ئازاد کردنی بەندەیەك (ئەگەر بووی) ئەوەی کە (توانای ئەو شتانەی نەبوو) با سێ ڕۆژ بە ڕۆژو بێت ئەوە کەفارەتی

سوێندەکەتانە کاتێ کە سوێند دەخۆن و نایبەنە سەر، جا تا دەتوانن هەوڵ بدەن خۆ بپارێزن لە سوێند خواردن، ئا بەو شێوەیە خوا ئایەتەکانی خۆیتان بۆ ڕوون دەکاتەوە بەڵکو سوپاس گوزاربن.

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ إِنَّمَا الْخَمْرُ وَالْمَيْسِرُ وَالأَنصَابُ وَالأَزْلاَمُ رِجْسٌ مِّنْ عَمَلِ الشَّيْطَانِ فَاجْتَنِبُوهُ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ (90)

ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان هێناوە دڵنیا بن کە عەرەق و قومارو پەیکەرو فاڵ، کارو کردەوەیەکی پیسن و شەیتان بۆتانی دەڕازێنێتەوە، کەواتە ئێوە خۆتانی لێ دووربگرن و خۆتانی لێ بپارێزن بەڵکو سەرفەرازیی و بەختەوەریی بەدەست بێنن لە هەردوو جیهاندا.

إِنَّمَا يُرِيدُ الشَّيْطَانُ أَن يُوقِعَ بَيْنَكُمُ الْعَدَاوَةَ وَالْبَغْضَاء فِي الْخَمْرِ وَالْمَيْسِرِ وَيَصُدَّكُمْ عَن ذِكْرِ اللّهِ وَعَنِ الصَّلاَةِ فَهَلْ أَنتُم مُّنتَهُونَ (91)

بەڕاستی شەیتان دەیەوێت لەڕێگەی عەرەق و قومارەوە دوژمنایەتی و بوغزو کینە بخاتە نێوانتانەوە لە یادکردنی خواو ناوە پیرۆزەکانی وێڵتان بکات، هەروەها سست و تەمەڵتان بکات لە ئەنجامدانی نوێژەکان، ئایا ئێتر بەس نیە؟ ئایا ئێتر کۆڵ نادەن؟! (جا هەر کە ئەم ئایەتە پیرۆزە هاتە خوارەوە، جاڕدرا بە ناو شاری مەدینەدا: ئێتر عەرەق حەرام کراوە... ئیمانداران قەڕابە و گۆزەو دیزەو هەرچی عەرەقی تیابوو ڕشتیانە کۆڵان).

وَأَطِيعُواْ اللّهَ وَأَطِيعُواْ الرَّسُولَ وَاحْذَرُواْ فَإِن تَوَلَّيْتُمْ فَاعْلَمُواْ أَنَّمَا عَلَى رَسُولِنَا الْبَلاَغُ الْمُبِينُ (92)

(ئەی ئیمانداران) فەرمانبەرداری خوا بن، فەرمانبەرداری پێغەمبەریش بن و وریابن و ئاگادار بن (نەکەن سەرپێچی لە فەرمان و ڕێنموونییان بکەن) جا ئەگەر پشت هەڵکەن و یاخی ببن (ئەوە خۆتان زەرەر دەکەن) چونکە کاری پێغەمبەری ئێمە تەنها ڕاگەیاندنی ئاشکراو ڕوونیی پەیامەکەیە.

لَيْسَ عَلَى الَّذِينَ آمَنُواْ وَعَمِلُواْ الصَّالِحَاتِ جُنَاحٌ فِيمَا طَعِمُواْ إِذَا مَا اتَّقَواْ وَّآمَنُواْ وَعَمِلُواْ الصَّالِحَاتِ ثُمَّ اتَّقَواْ وَّآمَنُواْ ثُمَّ اتَّقَواْ وَّأَحْسَنُواْ وَاللّهُ يُحِبُّ الْمُحْسِنِينَ (93)

ئەوانەی (پێش حەرام کردنی عەرەق) خواردویانەتەوە لە ئیمانداران، وە کارو کردەوەی چاکیان بووە ئەوە لێیان ناگیرێت و چاوپۆشی یان لێ دەکرێت ئەگەر لەمەودوا تەقواو لە خوا ترسیان زیاتر بکەن و باوەڕیان پتەوتر بکەن و کاروکردەوەی چاکەی زیاتر یەنجام بدەن، لەوەودوا هەر پلەی تەقواو ئیمان و باوەڕیان بەرزتر و باڵاتر بکەن ئەوجا هەر تەقوایان زیاتر بکەن و چاکەو چاکەکاریی ئەنجام بدەن، بێگومان خوای گەورە چاکەکارانی خۆش دەوێت و ڕێزی تایبەتی هەیە بۆیان و (چاوپۆشی لە ڕابردوویان دەکات).

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ لَيَبْلُوَنَّكُمُ اللّهُ بِشَيْءٍ مِّنَ الصَّيْدِ تَنَالُهُ أَيْدِيكُمْ وَرِمَاحُكُمْ لِيَعْلَمَ اللّهُ مَن يَخَافُهُ بِالْغَيْبِ فَمَنِ اعْتَدَى بَعْدَ ذَلِكَ فَلَهُ عَذَابٌ أَلِيمٌ (94)

ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە خوای گەورە تاقیتان دەکاتەوە بەهەندێك نێچیر  کە دێنە پێشەوە لێتان دەتوانن بەدەست بیانگرن یا بە ڕمەکانتان ڕاوی بکەن (لە کاتی ئیحرامدا بۆ حەج و عەمرە) تا بەتەواوی بۆ خوا (وە بۆ خۆیشتان) ڕوون ببێتەوە کە کا لەکاتێکدا کەس دیار نیە (ئەو کەسە) ترسی خوای لەدڵدایەو نافەرمانی ناکات، جا ئەوەی دەستدرێژو نافەرمانی بکات (لە کاتی ئیحرام دا ڕاو بکات) ئەوە سزای بەئێشمان بۆ ئامادە کردووە.

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ لاَ تَقْتُلُواْ الصَّيْدَ وَأَنتُمْ حُرُمٌ وَمَن قَتَلَهُ مِنكُم مُّتَعَمِّدًا فَجَزَاء مِّثْلُ مَا قَتَلَ مِنَ النَّعَمِ يَحْكُمُ بِهِ ذَوَا عَدْلٍ مِّنكُمْ هَدْيًا بَالِغَ الْكَعْبَةِ أَوْ كَفَّارَةٌ طَعَامُ مَسَاكِينَ أَو عَدْلُ ذَلِكَ صِيَامًا لِّيَذُوقَ وَبَالَ أَمْرِهِ عَفَا اللّهُ عَمَّا سَلَف وَمَنْ عَادَ فَيَنتَقِمُ اللّهُ مِنْهُ وَاللّهُ عَزِيزٌ ذُو انْتِقَامٍ (95)

ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە لە کاتێکدا کە ئێوە لە ئیحرام دان (نیەتی حەج یا عومرەتان هێناوە) نێچیر ڕاو مەکەن، ئەوەی بە ئارەزوو ڕاو بکات و نێچیر بکوژێت لە تۆڵەی دا دەبێت قوربانیەکی وەکو ئەو نێچیرە پێشکەش بکات، وە ئەو بڕیارەش دەبێت دوو کەسی شارەزای دادپەروەر بیدەن و قوربانیەکەش دەبێت پێش کەش بکرێت لە دەوروبەری کەعبەدا، یاخود بە قەدەر نرخی قۆچەکە خۆراك پێشکەش بە هەژاران بکات، یاود بەقەدەر ژمارەی هەژاران بەڕۆژوو بێت، تا تاڵاوی سەرپێچی خۆی بچێژێت، لە ڕابردووش دا هەرچیَ لەو بابەتانە ڕوویداوە خوا قەڵەمی چاوپۆشیَ بەسەردا هێناوە جا ئەوەی ئەم هەڵانە دووبارە بکاتەوە خوا تۆڵەی لیَ دەسێنێت، چونکە خوا باڵادەست و تۆڵەسێنەرێکی (بەزەبرە).

أُحِلَّ لَكُمْ صَيْدُ الْبَحْرِ وَطَعَامُهُ مَتَاعًا لَّكُمْ وَلِلسَّيَّارَةِ وَحُرِّمَ عَلَيْكُمْ صَيْدُ الْبَرِّ مَا دُمْتُمْ حُرُمًا وَاتَّقُواْ اللّهَ الَّذِيَ إِلَيْهِ تُحْشَرُونَ (96)

خواردنی زیندەوەرانی دەریایی بۆتان حەڵاڵە، هەر خواردنێکیش لەوان وەرگیرێت، هەروەها بۆ ئەو کەسانەش کە لە سەفەردان، وە ڕاوی زیندەوەرانی دەشتیی و کێویی لێتان حەرامە هەتا لە ئیحرامدابن، لەو خوایە بترسن کە دەگەڕێنەوە بۆ لای و کۆتان دەکاتەوە بۆ لێپرسینەوە.

جَعَلَ اللّهُ الْكَعْبَةَ الْبَيْتَ الْحَرَامَ قِيَامًا لِّلنَّاسِ وَالشَّهْرَ الْحَرَامَ وَالْهَدْيَ وَالْقَلاَئِدَ ذَلِكَ لِتَعْلَمُواْ أَنَّ اللّهَ يَعْلَمُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الأَرْضِ وَأَنَّ اللّهَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ (97)

خوا کەعبەو مزگەوتی حەرامی کردووە بەهۆی پابەندبوونی خەڵکی بە ئاینەکەیەوە وە مانگەکانی حەرامیشی بڕیارداوە، بڕیاری قوربانیی و کەفارەتی داوە، دیاریکردنی قۆچی قوربانی بە ملوانکەیەك یا نیشانەیەك پەسەندە لای، ئەمەش بۆ ئەوەیە کە چاك بزانن و دڵنیابن کە خوا ئاگادارە بەهەرچی لە ئاسمانەکاندایە وە بەهەرچی لە زەوی دا هەیە، بەڕاستی خوا بەهەموو شتێك زانایە.

اعْلَمُواْ أَنَّ اللّهَ شَدِيدُ الْعِقَابِ وَأَنَّ اللّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ (98)

چاك بزانن کە خوا تۆڵەسێنەرێکی توندوتیژە (لەیاخیەکان) هەروەها لێخۆشبوو و میهرەبانە (بۆ ئیمانداران).

مَّا عَلَى الرَّسُولِ إِلاَّ الْبَلاَغُ وَاللّهُ يَعْلَمُ مَا تُبْدُونَ وَمَا تَكْتُمُونَ (99)

پێغەمبەر تەنها ڕاگەیاندی پەیامی خوای لەسەرە، خوا دەزانێت بەوەی کە دەری دەخەن، بەوەش کە دەیشارنەوە.

قُل لاَّ يَسْتَوِي الْخَبِيثُ وَالطَّيِّبُ وَلَوْ أَعْجَبَكَ كَثْرَةُ الْخَبِيثِ فَاتَّقُواْ اللّهَ يَا أُوْلِي الأَلْبَابِ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ (100)

(ئەی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم) پێیان بڵێ: پیس و پاك وەك یەك نین، هەرچەندە زۆریی پیس سەرنجت ڕاکێشێت، کەواتە ئەی هۆشمەندان لە خوا بترسن و پارێزگاربن بەڵکو سەرفەرازو سەرکەوتووبن.

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ لاَ تَسْأَلُواْ عَنْ أَشْيَاء إِن تُبْدَ لَكُمْ تَسُؤْكُمْ وَإِن تَسْأَلُواْ عَنْهَا حِينَ يُنَزَّلُ الْقُرْآنُ تُبْدَ لَكُمْ عَفَا اللّهُ عَنْهَا وَاللّهُ غَفُورٌ حَلِيمٌ (101)

ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە پرسیار مەکەن لە هەندێك شت، کە ئەگەر ڕوون بکرێتەوەو فەرز بکرێت لەسەرتان سەغڵەتتان دەکات، خۆ ئەگەر پرسیار بکەن دەربارەی لەسەردەمی هاتنە خوارەوەی قورئاندا بۆتان دەردەکەوێت (زۆر شت هەیە) خوا چاوپۆشیی لێ کردووە ئەو خوایە لێخۆشبوو خۆڕاگرە.

قَدْ سَأَلَهَا قَوْمٌ مِّن قَبْلِكُمْ ثُمَّ أَصْبَحُواْ بِهَا كَافِرِينَ (102)

بێگومان کەسانێك پێش ئێوە پرسیاریان دەربارەی زۆر شت کرد، کاتێك بۆیان ڕوون دەبۆوە بڕوایان پێی نەدەماو یاخی دەبون (کەواتە ئێوە وا مەبن).

مَا جَعَلَ اللّهُ مِن بَحِيرَةٍ وَلاَ سَآئِبَةٍ وَلاَ وَصِيلَةٍ وَلاَ حَامٍ وَلَكِنَّ الَّذِينَ كَفَرُواْ يَفْتَرُونَ عَلَى اللّهِ الْكَذِبَ وَأَكْثَرُهُمْ لاَ يَعْقِلُونَ (103)

خوا بڕیاری ئەوەی نەداوە کە وشتر گوێی ببڕرێت یان بەڕەڵا بکرێت، یا بەرخۆلەی مەڕەکان بۆ بتەکان سەر ببڕدرێت، یا وشتری نێر ئازاد بێت، کەچی ئەوانەی بێ باوەڕن درۆ بۆ خوا هەڵدەبەستن وە زۆربەیان عەقڵ و ژیریان لەدەست داوە (هەر لەخۆیانەوە بڕیاری نابەجێ دەڵێن).

وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ تَعَالَوْاْ إِلَى مَا أَنزَلَ اللّهُ وَإِلَى الرَّسُولِ قَالُواْ حَسْبُنَا مَا وَجَدْنَا عَلَيْهِ آبَاءنَا أَوَلَوْ كَانَ آبَاؤُهُمْ لاَ يَعْلَمُونَ شَيْئًا وَلاَ يَهْتَدُونَ (104)

هەرکاتێك پێیان بوترێت وەرن بەدەم بانگەوازی خواو ئەو قورئانەی کە ناردویەتی بۆ پێغەمبەر، دەڵێن: هەر ئەو بەرنامەیەیمان بەسە کە لە باوانمانەوە بۆمان ماوەتەوە، ئایا ئەگەر باوانیان هیچ نەزان بن و ڕێ لێ ون بووبن هەر شوێنیان دەکەون؟

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ عَلَيْكُمْ أَنفُسَكُمْ لاَ يَضُرُّكُم مَّن ضَلَّ إِذَا اهْتَدَيْتُمْ إِلَى اللّهِ مَرْجِعُكُمْ جَمِيعًا فَيُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ (105)

ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە هەمیشەو بەردەوام سەرگەرمی
پەروەردەی خۆتان بن و (مەترسن)، چونکە ئەوانەی گومڕان ناتوانن
زیانتان لێ بدەن ئەگەر ئێوە بەچاکیی ڕێبازی  هیدایەت و خواناسیتان
گرتبێتەبەر، هەرهەموشتان گەڕانەوەتان بۆ لای خوایە، سەرئەنجام
هەواڵی هەموو ئەو کاروکردەوانەتان دەداتێ کە ئەنجامتان داوە.

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ شَهَادَةُ بَيْنِكُمْ إِذَا حَضَرَ أَحَدَكُمُ الْمَوْتُ حِينَ الْوَصِيَّةِ اثْنَانِ
ذَوَا عَدْلٍ مِّنكُمْ أَوْ آخَرَانِ مِنْ غَيْرِكُمْ إِنْ أَنتُمْ ضَرَبْتُمْ فِي الأَرْضِ فَأَصَابَتْكُم
مُّصِيبَةُ الْمَوْتِ تَحْبِسُونَهُمَا مِن بَعْدِ الصَّلاَةِ فَيُقْسِمَانِ بِاللّهِ إِنِ ارْتَبْتُمْ لاَ
نَشْتَرِي بِهِ ثَمَنًا وَلَوْ كَانَ ذَا قُرْبَى وَلاَ نَكْتُمُ شَهَادَةَ اللّهِ إِنَّا إِذًا لَّمِنَ الآثِمِينَ
(106)

ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە ئەگەر نیشانەی مەرگ و مردن لە
کەسێکتان دەرکەوت با وەسیەت بکات بۆ دوو کەسی خواناس لە خۆتان
یا (ئەگەر دەستان نەکەوت) دوو کەسی تر جگە خۆتانیش هەر دەبێت،
ئەگەر ئێوە بۆ بازرگانی سەفەرتان کردبوو بەسەر زەوی دا و تووشی
بەڵای مردن بوون، ئەو دوو شایەتە بێنن و دوای نوێژ لێکۆڵینەوەیان
لەگەڵدا بکەن، ئەگەر گومانتان هەیە دەبێت سوێند بخۆن  و بڵێن (ئێمە
سوێندەکەمان) بەهیچ نرخێك نافرۆشین ئەگەر خزمیش بێت (لە ڕاستی
لانادەین)، ئێمە شایەتیەك کە بۆ خوا ئەنجامەان داوە ناشارینەوەو ونی
ناکەین، چونکە ئەگەر وا بکەین ئەوە گوناهبارین.

فَإِنْ عُثِرَ عَلَى أَنَّهُمَا اسْتَحَقَّا إِثْمًا فَآخَرَانِ يِقُومَانُ مَقَامَهُمَا مِنَ الَّذِينَ اسْتَحَقَّ
عَلَيْهِمُ الأَوْلَيَانِ فَيُقْسِمَانِ بِاللّهِ لَشَهَادَتُنَا أَحَقُّ مِن شَهَادَتِهِمَا وَمَا اعْتَدَيْنَا إِنَّا
إِذًا لَّمِنَ الظَّالِمِينَ (107)

خۆ ئەگەر دەرکەوت ئەو دوو شایەتە پێشوو (درۆیان کردووە و) خۆیان گوناهبار کردووە دەکرێت دوو کەس لە نزیکترین خزمانی مردووەکە لە جیاتی ئەوان ئامادە بکرێن، وە سوێند بە خوا بخۆن و بڵێن: کە شایەتی ئێمە لە شایەتی ئەوان ڕاستتر و دتوستترە، (ئێمە بەرژەوەندی خزمەکانمان چاکتر دەزانین) ئێمە مەبەستمان ئازاردان و دەستدرێژیی کردنە سەر کەس نیەو (تەماعمان لەماڵی دا نیە)، خۆ ئەگەر نیەتمان وابێت، مانای وایە ئێمە ستەمکارین.

ذَلِكَ أَدْنَى أَن يَأْتُواْ بِالشَّهَادَةِ عَلَى وَجْهِهَا أَوْ يَخَافُواْ أَن تُرَدَّ أَيْمَانٌ بَعْدَ أَيْمَانِهِمْ وَاتَّقُوا اللّهَ وَاسْمَعُواْ وَاللّهُ لاَ يَهْدِي الْقَوْمَ الْفَاسِقِينَ (108)

ئا بەم شێوەیە دەتوانن بە لەبارترین شێوە شایەتی جێ بەجێ بکەن (تا مافی کەس نەفەوتێت)، دەبێت شایەتەکانیش نەترسن لەوەی کە بەدرۆدەخرێنەوە و سوێند لەسەر سوێندەکەیان دەخورێت، لەخوا بترسن و گوێ بگرن (بۆ هەموو ڕێنموویی یەك) بێگومان خوا هیدایەت و ڕێنموویی هۆزو قەومی تاوانبار و گوناهکار نادات.

يَوْمَ يَجْمَعُ اللّهُ الرُّسُلَ فَيَقُولُ مَاذَا أُجِبْتُمْ قَالُواْ لاَ عِلْمَ لَنَا إِنَّكَ أَنتَ عَلاَّمُ الْغُيُوبِ (109)

ڕۆژێك دێت، خوا هەموو پێغەمبەران کۆدەکاتەوە و پێیان دەفەرموێت: (خەڵکی) هەڵوێستیان چۆن بوو بەرامبەرتان؟ تا چ ڕادەیەك هاتن بەدەمتانەوە؟ (لە سامناکیی ئەو ڕۆژە، وە بەهۆی دڵنیایی یان لە زانیاری

بێ سنووری خوایی) دەڵێن: ئێمە نازانین و هیچ شارەزایەکمان نیە، خوا تۆ هەر خۆت ئاگات لە هەموو نهێنی و شاراوەکانە و بەهەموو پەنهانێك دەزانی.

إِذْ قَالَ اللّهُ يَا عِيسى ابْنَ مَرْيَمَ اذْكُرْ نِعْمَتِي عَلَيْكَ وَعَلَى وَالِدَتِكَ إِذْ أَيَّدتُّكَ بِرُوحِ الْقُدُسِ تُكَلِّمُ النَّاسَ فِي الْمَهْدِ وَكَهْلاً وَإِذْ عَلَّمْتُكَ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَالتَّوْرَاةَ وَالإِنجِيلَ وَإِذْ تَخْلُقُ مِنَ الطِّينِ كَهَيْئَةِ الطَّيْرِ بِإِذْنِي فَتَنفُخُ فِيهَا فَتَكُونُ طَيْرًا بِإِذْنِي وَتُبْرِئُ الأَكْمَهَ وَالأَبْرَصَ بِإِذْنِي وَإِذْ تُخْرِجُ الْمَوتَى بِإِذْنِي وَإِذْ كَفَفْتُ بَنِي إِسْرَائِيلَ عَنكَ إِذْ جِئْتَهُمْ بِالْبَيِّنَاتِ فَقَالَ الَّذِينَ كَفَرُواْ مِنْهُمْ إِنْ هَذَا إِلاَّ سِحْرٌ مُّبِينٌ (110)

(ئەوجا لەناو هەموو پێغەمبەراندا ڕوو بە) عیسای کوڕی مەریەم دەفەرموێت: لەبیرتە ئەو نازو نیعمەتانەی کە پێشکەش بەتۆو دایکتم کرد کاتێك کە من بەهۆی جوبرەئیلەوە پشتیوانیم لێ کردی قسەت بۆ خەڵکی دەکرد لە بێشکەدا، دواتریش کە گەورەبوویت، فێری خوێندنەوەی کتێبی تەورات و ئینجیلم کردی، ئەی لە بیرتە کاتێ کە لە قوڕ شێوەی باڵندەت دروست دەکرد بەفەرمانی من فووت پیا دەکرد، دەبوو بە باڵندە بەفەرمانی من و (دەفڕی)، وە کوێری زگماك و گەڕو گولت چاك دەکردەوە بەفەرمانی من، وە مردووەکانت بە فەرمانی من لە گۆڕ دەردەهێنا (بەزیندوویی)، لەبیرت نەچێت کاتێ کە لە شەڕی نەوەی ئیسرائیل ڕزگارم کردی، دوای ئەوەی کە ئەو هەموو (معجزة)یەت نیشان دان ئەوانەی کە بێ باوەڕ بوون لەوان وتیان: ئەم شتانە هەمووی جادوویەکی ئاشکرایە.

وَإِذْ أَوْحَيْتُ إِلَى الْحَوَارِيِّينَ أَنْ آمِنُواْ بِي وَبِرَسُولِي قَالُوَاْ آمَنَّا وَاشْهَدْ بِأَنَّنَا مُسْلِمُونَ (111)

(ئەی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم یادیان بێنەرەوە) کاتێ کە نیگام نارد بۆ هاوەڵانی عیسا (حەواریەکان) کە ئیمان و باوەڕی دامەزراوتان هەبێت بە من و بە پێغەمبەرەکەم، هەموو وتیان: ئیمان و باوەڕی تەواومان هەیە، بەشایەت بە کە ئێمە موسوڵمان و (ملکەچ و دڵسۆزین).

إِذْ قَالَ الْحَوَارِيُّونَ يَا عِيسَى ابْنَ مَرْيَمَ هَلْ يَسْتَطِيعُ رَبُّكَ أَن يُنَزِّلَ عَلَيْنَا مَآئِدَةً مِّنَ السَّمَاءِ قَالَ اتَّقُواْ اللّهَ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ (112)

(یادیان بێنەرەوە) کاتێ کە حەواریەکان وتیان: ئەی عیسای کوڕی مەریەم، ئایا پەروەردگاری تۆ دەتوانێت سفرەو خوانێکمان بۆ دابەزێنێت؟ عیسا وتی: لەخوا بترسن ئەگەر ئێوە ئیماندارن، (ئەمە چ داخوازیەکە دەیکەن؟).

قَالُواْ نُرِيدُ أَن نَّأْكُلَ مِنْهَا وَتَطْمَئِنَّ قُلُوبُنَا وَنَعْلَمَ أَن قَدْ صَدَقْتَنَا وَنَكُونَ عَلَيْهَا مِنَ الشَّاهِدِينَ (113)

کەچی هەموو وتیان: بەڕاستی حەز دەکەین (بۆ موبارەکی) لێی بخۆین و دڵنیا بین لە دەسەڵاتی بێ سنووری خوا، چاك بۆمان دەرکەوێت کە تۆ پێغەمبەری خوایت، وە بشبینە شایەت بۆ ئەو مەبەستە (تا ئەوەی باوەڕی هەیە باوەڕی دامەزراوتر بێت).

قَالَ عِيسَى ابْنُ مَرْيَمَ اللَّهُمَّ رَبَّنَا أَنزِلْ عَلَيْنَا مَآئِدَةً مِّنَ السَّمَاءِ تَكُونُ لَنَا عِيداً لِّأَوَّلِنَا وَآخِرِنَا وَآيَةً مِّنكَ وَارْزُقْنَا وَأَنتَ خَيْرُ الرَّازِقِينَ (114)

(ئەوجا) عیسای کوڕی مەریەم وتی: ئەی خوای پەروەردگار لە ئاسمانەوە سفرەو خوانێکمان بۆ دابەزێنە تا ببێتە جەژن بۆ سەرەتا و کۆتاییمان، وە بیکە بە (معجزة) و بەڵگەیەك لەسەر دەسەڵاتی بێ سنورت، وە لە ڕزق و ڕۆزیی بەهەروەرمان بکە، چونکە تۆ چاکترین ڕۆزی بەخشیت.

قَالَ اللّهُ إِنِّي مُنَزِّلُهَا عَلَيْكُمْ فَمَن يَكْفُرْ بَعْدُ مِنكُمْ فَإِنِّي أُعَذِّبُهُ عَذَاباً لاَّ أُعَذِّبُهُ أَحَداً مِّنَ الْعَالَمِينَ (115)

ئەوسا خوا فەرمووی: من ئەو سفرەو خوانە دادەبەزێنم (ئەو داخوازیەتان جێبەجێ دەکەم) ئەوسا ئەوەی کافرو بێ بڕوا بێت لە ئێوە بەڕاستی سزایەکی دەدەم کە هیچ کەسێکم لە جیهاندا ئاوا نەدابێت.

وَإِذْ قَالَ اللّهُ يَا عِيسَى ابْنَ مَرْيَمَ أَأَنتَ قُلتَ لِلنَّاسِ اتَّخِذُونِي وَأُمِّيَ إِلَـهَيْنِ مِن دُونِ اللّهِ قَالَ سُبْحَانَكَ مَا يَكُونُ لِي أَنْ أَقُولَ مَا لَيْسَ لِي بِحَقٍّ إِن كُنتُ قُلْتُهُ فَقَدْ عَلِمْتَهُ تَعْلَمُ مَا فِي نَفْسِي وَلاَ أَعْلَمُ مَا فِي نَفْسِكَ إِنَّكَ أَنتَ عَلاَّمُ الْغُيُوبِ (116)

(لە ڕۆژی قیامەتدا) خوا دەفەرموێت: ئەی عیسای کوڕی مەریەم، ئایا تۆ بەخەڵکیت وتوە: منیش و دایکیشم خواین و لە جیاتی خوا (دەکرێت بمانپەرستن؟) (عیسا لەوەڵامدا) دەڵێت: پاکیی و بێ گەردیی و بێ

هاوەڵی شایستەی تۆیە، بە چ حەقێك من دەتوانم شتی وا بڵێم، چۆن حەق بەخۆم دەدەم شتی و ابێت بە زارمدا، خۆ ئەگەر (خوانەخواستە) شتی وام وتبێت (لە تۆ شاراوە نیەو) بێگومان دەیزانی، چونکە تۆ وا دەزانی بە هەرچی لە دڵ و دەروونمدا هەیە، بەڵام من نازانم لە دەریای عیلم و زانستی بێ پایانی تۆ چونکە بەڕاستی هەر تۆ زاناو شارەزی نهێنی و پەنهانی.

مَا قُلْتُ لَهُمْ إِلاَّ مَا أَمَرْتَنِي بِهِ أَنِ اعْبُدُواْ اللّهَ رَبِّي وَرَبَّكُمْ وَكُنتُ عَلَيْهِمْ شَهِيدًا مَّا دُمْتُ فِيهِمْ فَلَمَّا تَوَفَّيْتَنِي كُنتَ أَنتَ الرَّقِيبَ عَلَيْهِمْ وَأَنتَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ شَهِيدٌ (117)

(ئاشكرایە) من لەوە زیاترم پێ نەگوتوون كە تۆ فەرمانت پێ داوم: كە تەنها خوا بپەرستن كە پەروەردگاری من و پەروەردگاری ئێوەشە، وە من شایەت بووم بەسەریانەوە هەتا لە ناویان دا بووم، بەڵام كاتێ كە منت مران و گیانت كێشام ئیتر ئەوە هەر خۆت چاودێرو ئاگادار بوویت لێیان وە تۆ شایەتی بەسەر هەموو شتێكەوە.

إِن تُعَذِّبْهُمْ فَإِنَّهُمْ عِبَادُكَ وَإِن تَغْفِرْ لَهُمْ فَإِنَّكَ أَنتَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ (118)

جا ئەگەر ئەشكەنجەیان دەدەی (لەسەر لادان و تاوانیان) ئەوە بەندەی خۆتن و ملكەچتن، وە ئەگەر لێشیان خۆش دەبیت ئەوە ئیتر هەر خۆت خوایەكی باڵادەست و دانایت (دەزانیت كێ شایستەیە).

قَالَ اللّهُ هَذَا يَوْمُ يَنفَعُ الصَّادِقِينَ صِدْقُهُمْ لَهُمْ جَنَّاتٌ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا الأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا أَبَدًا رَّضِيَ اللّهُ عَنْهُمْ وَرَضُواْ عَنْهُ ذَلِكَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ (119)

ئەوجا خوای گەورە فەرموی: ئەمە ئەو ڕۆژەیە کە ڕاستگۆیان بەهرە وەردەگرن لە ڕاستییەکان، باخ و باخاتی بەهەشت بۆیان ئامادەیە کە جۆبارو ڕوبار بە ژێر درەختەکانی دا دەڕوات، وە بۆ هەمیشەو هەتاهەتایی (لەو بەهەشتەدا لە سەیران دان، نامرن، نە نەخۆشیی، نە هەژاریی، نە پیریی ژیانیان لێ تاڵ ناکات، لە هەمووی خۆشتر) خوای پەروەردگار، خوای میهرەبان، خوای مەزنی باڵادەست لێیان رازییە، لێیان خۆشنودە، ئەوانیش لەو ڕازین (جا چۆن ڕازیی نابن، لەناو ئەو هەموو خەلکەدا لای ڕەحمەتی لە دەستەیەك لە نەوەی ئادەم کردۆتەوە و ئەو ڕێزە بێ سنوورەی بۆ بڕیار داون، خوایە ملیۆنەها ملیارەها سوپاس و ساتیش بۆ تۆ) جا بەڕاستی ئەوەیە سەرفەرازیی گەورەو بێ سنوور.

لِلّهِ مُلْكُ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ وَمَا فِيهِنَّ وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ (120)

هەرچی لە ئاسمانەکان و زەویدا هەیە، هەرچیەکیان تیا هەیە، هەر خوای بەدیهێنەر خاوەنیانە، وە ئەو زاتە دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێکدا هەیە.